بەرهەمی گروپی نما ... ژمارە ( ٩ )

# چۆن ئیسلام

# لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟

نووسینی: د. أماني زكريا الرمادي
وەرگێڕانی: عبدالله گەرمیانی

١٤٤٠کۆچی ــــــــــــــــــ ٢٠١٩ زاینی

# ناسنامەی


✍ ناوی بەرهەم: چۆن ئیسلام لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟

✍ نووسینی: أماني زكريا الرمادي

۞ وەرگێڕانی: عبدالله گەرمیانی

۞ بەرهەمی گروپی نما

۞ نەخشاندنی بەرگ : بەهمەن عمر

۞ نۆبەی چاپ: یەکەم ٢٠١٩

۞ تیراژ : ٣٠٠٠ دانە

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( ١٠٧٨ )ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە**


---

✍ دیاری و پێشکەشە بە:..........................

لەگەڵ ڕێزی وەرگێڕ

بەرواری .......................................

## گرووپی نما بۆ چاپ کردنی کتێب و بەخشینی بەدیاری

## بەخشینێکی کەم و پاداشتێکی نەبڕاو

ئەم گرووپە لە ئێستا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوک ٦٠ ئەندامی هەیە کە هەر ئەندامێك دەبێت چوارمانگ جارێك بڕی لانی کەم (٢٥٠٠٠)دینار بدات ئەگەر لە کوردستان بوو، بۆ ئەو کەسانەی لەدەرەوی کوردستان دەبێت لانی کەم چوار مانگ جارێك بڕی٥٠ دۆلار ) بدات تا کۆبکرێتەوە کتێبی پێ چاپ بکرێت و بەدیاری ببەخشرێت. هەموکەسێك ئەتوانی ئەو پاداشتەنەبڕاوە بەدەست بهێنێت بەخشینێکی کەم. پاداشتێکی نەبڕاوە.
نوێنەرەکانمان لە(هەولێر, سلێمانی, هەڵەبجە, کۆیە, رانیە, قەڵادزێ, کەلار, دەربەندیخان, هەندەران) هەیە.

هەرکەسێ حەزی کرد ئەم بەرهەمە چاپ بکاتەوە،با پەیوەندی بکات بەم ژمارانەوە:

٠٧٥٠٣٢٤٠١٨٠ – ٠٧٧٠١٤٨٦٢٦٣

بەرهەمی ئایندەمان لە پارەی بۆ کۆ دەکەینەوە و چاپی دەکەین إن شاء الله، هەرکەسێ حەزی کرد بەشدار بێت،با پەیوەندییمان پێوە بکات.

بەرهەمە چاپکراوەکانی گرووپی نما:

١– چۆن نویژ لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟ :تیراژ:٩هەزار دانە.

٢– چۆن بالآپۆشی لای کچەکەت خۆشەویست دەکەیت؟ .تیراژ:٤ هەزار دانە.

٣–بۆ ئەوەی بەختەوەر بیت. تیراژی ( ٣ ) هەزار دانە.

٤–ئازاری موسڵمانان لەجیهاندا. تیراژی ( ٣ )  هەزار دانە.

٥–پیلانەکان دژ بەئافرەتانی موسڵمان تیراژی( ٣ ) هەزار دانە.

٦– پەروەردەی ئیمانی منداڵ. تیراژی ( ٣ ) هەزار دانە.

٧–  ڕۆژوو. تیراژی ( ٣ ) هەزار دانە.

٨–چۆن پێغەمبەر (ﷺ)لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟ تیراژی ( ٣ ) هەزار دانە.

٩– چۆن ئیسلام لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟.  تیراژی ( ٣ ) هەزار دانە.

## پێشەکی وەرگێڕ

### بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

منداڵ ئەو ئەمانەتەیە کە خوای گەورە بەدایك و باوکی بەخشیووە، لەلایەکەوە خۆشیی ژیانی دونیان و لەلایەکی تریشەوە مایەی بەدەبەختییەکانن، چاك پەروەردەکردن و ئاراستەکردنیان بۆ خواپەرستی و رەوشتبەرزیی مایەی خۆشیی دونیاو سەرفرازیی قیامەتن، پەنا بەخوا پشتگوێخستن و ئامۆژگاری نەکردنیشیان مایەی سەرئێشەی دونیاو خەسارەتمەندیی قیامەتن.

ئەو دەمەی موسڵمانان بە پەرۆشییەوە بۆ قیامەتی خۆیان تێدەکۆشان، منداڵەکانیان لەبیر نەدەکرد و خەمیان بوو داهاتووی ئوممەتەکەیان رۆشن بێ، منداڵەکانیان رادەستی قەدەر نەدەکرد، بەڵکو وەك نەمام ئاسا خەریکی راستکردنەوەو بڕینەوەی چەوتییەکانیان بوون، هۆش و بیری ئەوەیان هەبوو کە منداڵ قوڕئاسایەکە چۆنت بووێ ئاوەهای دروست دەکەی، بۆیە نەیاندەهێشت شەیتان ببێتە وەستایان و شتێکی خراپیان لێ دروست بکات، بۆیە لەو ئوممەتە کەسانێك دروست بوون بوونە چراخانی شارستانییەت و شارستانییەتی موسڵمانانیش بووە نمونەی شارستانییەتی مرۆیی خواپەرستیی لەمێژوودا.

دواتر ئەو هەستە نەما و موسڵمانان گرنگییان بەپەروەردەو پێگەیاندنی خۆیان و منداڵەکانیان نەدا، بۆیە لەڕەوڕەوی پێشکەوتندا دواکەوتن و خۆیان رادەستی نەزانیی کرد، نمونەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی

سەردەمی ئێمـە، منـداڵ لەپـەروەردەکردنێکی سـاغ بـەدوور دەگیردرێـت و ئەوترێت خـۆی فێـر دەبـێ راسـت و هەڵـە لەیـەك جیابکاتـەوە...یان ئێمـە کەسانێکی خراپ نین تـاوەکو ئـەوان خـراپ دەربچـن...بەداخەوە دوژمنـان گرنگیی بەپەروەردەکردنی منداڵی خۆیـان دەدەن و ئێمـەش لەئوممـەتێکی خـاوەن قورئـان لەنـەزانی و نەشـارەزایی خۆمانـدا تێکشـکاوین، شـەپۆلی بێباوەڕیی بەجۆرێك سەخت هاتووەتـەوە، بەهـەوڵی تـاك و تـەنیایی بـەری پێناگیردرێت.

ئەم نامیلکەیە بیرهێنانەوەیەکـە بـۆ دایکـان و باوکـان کـە بیریانبێتـەوە خوای گەورە چی ئەرکێکی خستووەتەسـەر سەرشـانیان؟ چـۆن حیکمـەتی یەکتاپـەرسـتی و پێـنج پایەکـەی ئیسـلام بـۆ منداڵـەکانمان روونبکەینـەوەو بەپێی توانا کردارانە پیشانیان بدەین؟ چۆن رەوشتی ئیسلامیان فێر بکەین و چۆن بتوانین خوای گەورەو موحەممەدی ئازیزیان پێ بناسێنین؟

بۆیە دوابەدوای خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە لەلایەن بەڕێزتەوە،لەدوعای چاکە لـەبیرمان نەکـەن، خـوای گـەورە خۆمـان و منداڵـەکانمان بپـارێزێ و یارمەتیدەرمان بێت تاوەکو ئەرکی سەرشـانی خۆمـان لەپـەروەردەکردنیان بەجێبگەیەنین.

عبدالله فازڵ حەسەن(گەرمیانی)

هاوینی٢٠١٨ رزگاری–گەرمیان

# پێشەکی نووسەر

سوپاس و ستایش بۆ پەروەرگاری هەردوو جیهان، سوپاسێك شایستە بەنیعمەتی ئەو ئیسلامەی بێ کە بەئێمەی بەخشی، چونکە باشترین پەرتووکی بۆ دابەزاندین و باشترینی پەیامبەرانی بۆ ناردین و باشترین شەریعەتیشی بۆ ئێمە کردە بەرنامە...ئێمەی کردە باشترینی ئوممەتی نێو مرۆڤایەتی..سەلآت و سەلامیش لەسەر باشترینی نێو مرۆڤەکان و بنەماڵەو هاوەڵەکانی و ئەوانەی کە تاوەکو رۆژی قیامەت بەچاکە دوای ئەوان دەکەون...پاشان:

منداڵەکەت دیاری و بەخششی خوای گەورەیە بۆ تۆ، پارچەیەکە لە تۆ و بەرهەمی دڵ و بینایی و ئومێدی تۆیە، ئەو خەونەیە کە جارێك بەدیینەهاتووە، بۆیە سرووشتییە خەونی چاکەی زۆری پێوە ببینی...سەرکەوتن لەخوێندن و ئەو چالاکییانەی لەژیاندا ئەنجامیان دەدات، پاشان خەونی کارو وەزیفەیەکی شایستە و پاشان هاوسەرگیرییەکی بەختەوەرانە و خۆشی و ماڵ و منداڵ و هتد.

هەر بۆ ئەوەشە تۆ باشترین و بەنرخترین شتی خۆتی بۆ دەبەخشیی تاوەکو هاوکاری بێ بۆ هاتنەدیی ئەو خەونانە، یان هەندێ لەو خەون و ئومێدانەی بۆ ئەوت هەیە.

بەلآم قەت بووە رۆژێك لەڕۆژان بیرت کردبێتەوە کە تواناکانی منداڵەکەت لەتەك هێنانەدیی ئەو خەونانە ناگونجێن؟ با بەگریمانەییش بێ وەهای دابنێین هەموو ئەو خەونانە هاتوونەتەدی، ئەی چی روودەدات گەر

تەواوی کۆمەڵگە پلەو پایە بەرزەکان ببەن؟! ئاخۆ ژیان ڕێکدێت بەبێ جوتیار و سەنعەتسازو نانەوا و دارتاش و ئاسنگەرو پاککەرەوە و ئەو خاوەن پیشانەی تر کە ئێمە بۆ منداڵەکانمانی ناخوازین؟!

به بۆچوونی تۆ چارەسەر چییە؟!

بێگومان خوای گەورە رزق و ڕۆزییەکانی بەشکردووە، بەهرەو تواکانیشی بەش کردووەو جیاوازی کردوون تاوەکو خەڵکیی تەواوکراوبن، کارو پێویستیی یەکتر تەواو بکەن و هاوکاریی یەکتر بکەن، پێویستییان بەیەکتر بێ تاوەکو گەردوون ئاوەدان بکەنەوە، بۆیە سەرەتای چارەسەر، ئەوەیە خەونێکت بۆ منداڵەکەت هەبێ لەتەك بەهرەکانیدا دژ نەبێ، پێویست بەوە نەکات بۆ هێنانەدیی ئەو خەونانە دەروونی تێکبشکێنی و بەهرەی سرووشتیی ناخی بشێوێنی و پاڵی بدەی بۆ شتێ کەسێتیی لاواز بکات. ئەگەر بەختەوەرییت بۆی دەوێ، بهێڵە خۆی بێ!!!نەك تۆ و کەسێکی تر کە تۆ پێی سەرسامی.

بەشەکانی تری چارەسەر، ئەوەیە زۆرتر لەخەمی دونیایی، گرنگیی بەبانەڕۆژی قیامەتی بدەی!

چۆن لەبابەت لادان و لەخشتەبەرییەکانی دونیا ترست لەسەری هەیە، پێویستە ترست لەبارەی سزای خوای گەورەوە هەبێ تاوەکو لەقیامەتدا تووشی نەبێ.

بەڵام ئەوە چۆن دەبێ؟؟؟

ئەوەیـە خـەون و ئومێـدی ئیمـانێکی بـەهێزو بیروبـاوەڕێکی دامـەزراو و هیممەتێکی بەرزت بۆ هەبێ، چونکە گـەر لەهێنانـەدیی ئـەوەدا هاوکارییـت کرد، ئەوکات منداڵەکەشت لەهەموو بوارەکانی ژیانیدا کەسێکی سەرکەوتوو هیممەت بەرزو خاوەن کارێکی باش دەبێ کـە خـوای گـەورە بـۆی ئەنـدازە ئەکات، فێر دەبێ چۆن خۆی و کەسانی تر بەختەوەر بکات، ئـەوکات بـۆت دەبێتە گلێنەی چاو و موسڵمانێکی بەحەق موسڵمان...ئاخۆ ئـەم خـەون و ئومێدەت بـەبیردا هـاتووە؟ ئەگـەر وەڵامەکەت(بەڵێ)بێ،کـەوابوو لەگەڵمـدا بەردەوام بە تاوەکو لـەو دێڕانـەی دادێـت هـەوڵی هێنانـەدیی ئـەو خـەون و ئومێدە ببینی، بـەڵکو خـوای گـەورە بەسـوودی بگێـڕێ، بێگومـان هـەموو سوپاس و فەزڵ و سەرکەوتنێك هەر بەخوای گەورەیە.

د. أماني زكريا الرمادي

## ١- ئیسلام چییە؟

ئیسلام: باشترین و مەزنترین و پیرۆزترین شتێکە خوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیووە، ملکەچبوونی تەواوە بۆ فەرمانەکانی خوای گەورەو دەستهەڵگرتن لەحەرامەکان، ملکەچبوونی دڵنیاییانە بەحیکمەت و پشت بەستنە بەبڕیارەکانی، بەئومێدی دەستخستنی بەزەیی و لێبووردەیی خوای گەورە.

## ٢- خۆشویستنی ئیسلام چۆنە؟

ئەوەیە، حەزنەکەی لەئیسلام بچیتەدەرو بگەڕێیتەوە سەر بێباوەڕیی هەروەك چۆن حەزناکەی بخرێیتە ئاگرەوە.

## ٣- بۆ ئیسلاممان خۆشبووێ و ببینە موسڵمان؟

أ- لەبەرئەوەی ئەو کۆتا ئایینەیە کە خوای گەورە لەقورئانەکەیدا کردوویەتییە موعجیزەو دەرئاسای هەموو کات و شوێنێك:﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ﴾ آل عمران: ١٩، واتا:بەڕاستی دینی پەسەند کراو لای خوا ئیسلامە[١].

لەبارەی ئەوانەی شوێنی غەیری ئیسلام دەکەون فەرموویەتی:﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥ ﴾ آل عمران: ٨٥، واتا:هەرکەسێك دوای دینێك بکەوێت جگە دینی ئیسلام ئەوە لێی وەرناگیردێ وە ئەو لە ڕۆژی دوایی دا لە زەرەرمەندانە.

---

[١] – بۆ راڤەی ئایەتە پیرۆزەکان، سوود لەپوختەی تەفسیری قورئان وەرگیراوە– وەرگێڕ.

ب- لەبەر ئەوەی ئایینی بەهادارو بەجێیە، هەروەك خوای گەورە لەقورئانەكەیدا لەزۆر شوێندا فەرموویەتی كە لەهیچ لایەكەوە پووچەڵی و بێ بنەمایی رووی تێناكات، ئایینێكی دامەزراو و بێ لارو چەوتییەو لێڵی و گومڕایی تێدا نییە.

ج- لەبەرئەوەی ئایینی ئازادییە، ئەو ئازادییەی مرۆڤی لەپەرستنی غەیری الله رزگاركرد، رزگاری كرد لەترسی جگە لەخواو پێویستبوون بەغەیری خواو ملكەچیی بۆ غەیری خواو پشتبەستن بەغەیری خوا، بۆیە گەر ئێمە ئەوەی دەیپەرستین و لێی دەترسێین و ملكەچیی بۆ دەكەین و پشتی پێ دەبەستین بەبەزەیتترینی بەزەییكاران و بەرێزترین و پادشای هەموو گەردوون و تەواوی تواناو دەسەلات و مەزنیی و زیندووی هەمیشەیی و پارێزگاری هەموو بێ، ئەوە پیرۆزمان بێ ئەم ئایینە.

ب- لەبەرئەوەی ئەو ئایینە مامناوەندەیە كە پێداگری و كۆت و بەندی لەسەر شوێنكەوتەكانی هەڵگرتووە، پێچەوانەی ئەو ئوممەتانەی پێشوویان(زانای پایەبەرز سولەیمان ئەلنەدەویی ئەڵێ:"هیچ ئایینێك بێ خواپەرستیی نەبووە، بەلام ئایینە كۆنەكان، شوێنكەوتەكانی خۆیانیان بەو جۆرە راهێنا كە ئایین داوایان لێ دەكات ئازارو ئەشكەنجەی جەستەی خۆیان بدەن و مەبەست بەپەرستن واتا ئازارگەیاندن بەجەستە، جەستە چەندە ئازاری زۆرتر بچێژێ، ئەوە روح و دەروون زۆرتر پاك دەبنەوە! بەلام شەریعەتی ئیسلام هات ئەو كۆت و ناڕەحەتییانەی هەڵگرت، لەئیبن عەباسەوە(خوای لێ رازیی بێ) گێڕدراوەتەوە:

«إياكم والغلو فإنما اهلك من كان قبلكم الغلو»، واتا: وریای زیادەڕۆیی بن، ئەوەی خەڵکانی پێش ئێوەی لەنێوبرد، زیادەڕۆیی بوو. ئەو زیادەڕۆییەیە کە لەقورئاندا داوا لەئەهلی کیتاب کراوە ئەنجامی نەدەن و خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا تَغْلُوا۟ فِى دِينِكُمْ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓا۟ أَهْوَآءَ قَوْمٍ قَدْ ضَلُّوا۟ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّوا۟ كَثِيرًا وَضَلُّوا۟ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٧٧﴾ ﴾ المائدة: ٧٧.

واتا: ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ نامەدارەکان زیادە ڕەوی مەکەن لەئاینەکەتاندا جگە لەوە نەبێت کە ڕاست و حەقەو شوێن ئارەزووی کەسانێك مەکەون کە بەڕاستی پێشتر گومڕاو سەرلێ شێواو بوون، وە زۆر کەسیشیان گومڕاکرد وە خۆشیان گومڕابوون و لایاندا لە ڕێگای ڕاست.

پەیامبەری خوا(ﷺ) لەکتێبی ئەوانی سەرەتاو پێشتردا بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە ناسراو بووە:((فەرمانیان پێ دەکات بەچاکەو ڕێگرییان دەکات لەخراپە، پاك و جوانەکانیان بۆ حەڵاڵ دەکات و شتە پیسەکانیان لەسەر حەرام دەکات و ئەو کۆت و بەندەی لەسەریان سەپاوە لای دەبات))، خوای گەورە بەپەیامبەرەکەی خۆی منەتی خستووەتەسەر خەڵکیی و فەرموویەتی:

﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ ﴾ التوبة: ١٢٨،

واتا:سوێند بەخوا بەڕاستی بۆتان هاتووە پێغەمبەرێك لە خۆتان قورس و گرانە بەلایەوە نارەحەتی و ناخۆشی ئێوە زۆر سوورە لەسەر(باوەڕهێنان)تان بۆ بڕواداران دڵسۆزو میهرەبانە.

پەیامبەری خواش(ﷺ) فەرموویەتی: « بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ » ، واتا: بەئایینێکی یەکتاپەرستیی لێبووردەوە نێردراوم. ئیسلام بیروباوەڕێکی یەکتاپەرستیی و لێبووردەو نەرمە لەئەرك و ئەحکامەکانیدا، ئەوەش خوای گەورەیە بەلێبووردەو نەرم و ئاسان تایبەتی کردووە، چونکە ویستوویەتی ببێتە پەیامی هەموو خەڵك و سەرزەمین، پەیامی هەموو کات و شوێنێك، بۆیە پەیامێك کە ئەو نەمری و گشتییە بێ، دەبێ خوای گەورە ئاسان و سووك و بەزەییانەی بکات بەجۆرێك گونجاو بێ بەجیاوازیی وەچەو پێویستییەکانی سەردەم و ناوچە جیاوازەکان....ئەوەش شتێکە لەشەریعەتی ئیسلامدا بەگشتی و لەپەرستشەکاندا بەتایبەت بوونی هەیە، خوای گەورە لەڕوونکردنەوەی پەیام و مەبەستی مرۆڤ لەژیاندا ئەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْۤ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾ وَجَٰهِدُواْ فِي ٱللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِۦۚ هُوَ ٱجۡتَبَىٰكُمۡ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖۚ ﴾ الحج: ٧٧ – ٧٨.

واتا: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کوڕنوش و سوژدە بەرن و پەروەردگارتان بپەرستن وە کاری چاکە بکەن بۆ ئەوەی ڕزگاربن. جیهاد و تێکۆشان بکەن لە پێناوی خوادا بەو شێوەی شیاوێتی ئەو(خوا)ئێوەی هەڵبژاردووە(بۆ هەڵگرتنی ئەم ئایینە)وە لەئایین دا هیچ کارێکی قورس و گرانی لەسەر دانەناون.

لەدوای باسکردنی حەرامکراوەکانی بواری ژنخوازی و هاوسـەرگیریی و حەلاڵکراوەکانیـدا، ئەفـەرمووێ:﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْۚ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴾ النساء: ٢٨، واتا:خوا دەیەوێت کە ئەرکتان لەسەر سووك بکات چونکە ئادەمی بە لاواز دروست کراوە.

د- چـونکە ئـایینی ئاسـانکارییە کـە لەگـەڵ خۆرسـکی مرۆییـدا دەگـونجێ، لـەدەرەوەی توانـای مـرۆڤ ئـەرك ناسـەپێنێ، رێگریـی دەکـات لەزۆرکردن و ئەرکی قورس، بەتایبەت لەکاروبارەکانی ئاییندا، بۆیـە خـوای گـــەورە دەفـــەرموویت:﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَاۚ ﴾ البقـــرة: ٢٨٦، واتا:خوا داوا لە هیچ کەسێك ناکات مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی.

هـــەروەها دەفـــەرموویت:﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ ﴾ البقرة: ١٨٥، واتـا:خوا ئاسـانی ئـەوێ بـۆ ئێـوە وە گـەلانی نـاوێ بۆتان.

کاتێك موعاز و ئەبو موسای ئەشعەریی بەئـەمیر بـۆ یەمـەن نـارد، ئـەم وەسـێت و ئامۆژگارییـەی پێکـردن: « يَسِّـرا ولا تُعسِّـرا، وبشِّـرا ولا تُنفِّـرا ،وتطاوعـا ولا تختلفـا »، واتـا: ئاسـانکاربن و حوکمـەکان قـورس مەکـەن، مۆژدە بدەن و راکێشەربن نەك رەتاندنی خەڵك، گوێڕایەڵیی بکەن و نـاکۆك نەبن.

لەتایبەتمەندییـەکانی پەیامبـەری ئـازیز(ﷺ) گـەر لـەنێوان دوو کـاردا سەرپشك بکرابایە، ئـەوە کامـەیان ئاسـان بووایـە ئـەوەی هەڵدەبـژارد گـەر تاوان نەبووایە.

که رواڵەت و ئاراستەی ئیسلام ئاسانکارییە، بۆیە هەر موسڵمانێك گەر توونديی بویستبایە، ئەوە دژایەتیی روحی ئیسلامی دەکرد و پەیامبەری ئازیزیش(ﷺ)بەڕووی توندکاراندا دەوەستاو لەتیاچوون وریای دەکردنەوە، بۆیە فەرموویەتی:« أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ. أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ. أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ»، واتا: سەخت و توونـدگیرەکان تیاچوون، سەخت و توونـدگیرەکان تیاچوون، سەخت و توونـدگیرەکان تیاچوون. ئەو کارە مەترسیی گەورەی هەبوو بۆیە سێ جار دووبارەی کردەوە.

ج- چونکە ئایینی بەخششە، ئەو ئایینەی کە پاداشتی کەسێك دەکات هاوکاری کەسێکی تر بێ و کۆڵی مەینەتییان لەسەر سووك بکات و خۆشیی بخاتە دڵیانەوە، سەردانی نەخۆش دەکەن و هاوکاریی لاوازەکانیان دەکەن و ئەرکی بێ باوکان لەئەستۆ دەگرن و بەفریای لێقەوماوانەوە دەچن و نەزانەکان فێر دەکەن و رێز لەگەوران دەگرن و بەبەزەیین بەرانبەر بچووکەکان و لەهەڵەکاران خۆش دەبن.

د- چونکە ئایینی پاك و خاوێنییە، پاك و خاوێنیی ناوەوە و دەرەوە، رەوشت جوانی و پایەبەرزیی و شارستانییەت بەهەردوو لایەنی ماددی و روحییەوە. لەدایکە عائیشەوە(خوای لێ رازیی بێ) ئەڵێ:پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: « عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ وَقَصُّ الْأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ ونتف الإبط وحلق العانة وانتقاص الماء، وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةُ » ، واتا: دە شت فیترەتن: سمێڵ کورتکردنەوە، ریش هێشتنەوە، سیواککردن، ئاو لەدەم و

لـووت رادان، نینـۆك كـردن، شـۆردنی گرێـی سـەر پـەنجـەكان، هەڵكەنـدنی تـووكی بـن بـاڵ، بـەر تاشین،سـەرئاوكردن و خۆپاككردنـەوە و ئـاو لـەدەم رادان. خــوای گــەورەش ئەفــەرمووێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢٢.

واتا: بەڕاستی خوا تۆبە كارانی خۆش دەوێت و پاكانی خۆش دەوێت.

هەرچـی پاكوخـاوێنی نـاخ و ناوەوەیـە، ئـەوە پاككردنـەوەی دەروونـە لەشوێنەواری تاوان و خراپەكاریی، ئەوەش بەتەوبەی راستگۆییانە دێتەدی، بەپاككردنەوەی دڵ لەچەپەڵیی شـیرك و گومـان و حەسـودی و رقوكینـە و فێــڵ و خۆبەگــەورەزانی و بەخۆسەرســامبوون و ریــاو گــەڕان بــەدوای ناوبانگییدا، هاتنـەدیی ئـەو تەوبـەو پاكردنەوەیـە، بەدڵسـۆزی و دڵنیـایی و خۆشویستنی چاكەو نەرموونیانی و راستگۆیی و سادەیی و تەنیا مەبەسـت بەڕازیبوونی خوا دێتەدی لەنیازو كردارە چاكەكاندا.

پەیــامبەری خوا(ﷺ) لــەبــارەی گرنگیی پاكیی دڵەوە فەرموویـەتی:« تُعْرَضُ الْأَعْمَالُ فِي كُلِّ اثْنَيْنِ وَخَمِيسٍ فَيَغْفِرُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي ذَلِكَ الْيَوْمِ لِكُلِّ امْرِئٍ لَا يُشْرِكُ بِاَللَّهِ شَيْئًا إِلَّا امْـرَأً كَانَـتْ بَيْنَـهُ وَبَـيْنَ أَخِيـهِ شَـحْنَاءُ فَيَقُـولُ: اُتْرُكُوا هَـذَيْنِ حَتَّـى يَصْطَلِحَا » رواه مسلم، واتـا: هـەموو كاروكردەوەیـەك لەدوو شەممان و پێنجشەمماندا ئەخرێنەڕوو، خوای گەورە لەهەموو مرۆڤێك خۆشدەبێ گەر بەهیچ شـتێك هاوبەشـی بـۆ خـوا بڕیـار نـەدابێ، تـەنیا لـەو كەسە نەبێ كە لەگەڵ براكەیدا ناكۆكیی لەنێواندا هەیە،ئەفەرمووێ:واز لـەو دووانە بهێنن تاوەكو ئاشت دەبنەوە.

پەیامبەری خوا(ﷺ)نەهی دەکرد لـەبارەی هاوەڵەکانییـەوە شـتێکی بـۆ بگێڕنەوە حەزی پێ نەکات و پێیانی دەفەرموو:"لا يبلِّغني أحد منكم عن أصحابي شيئا فإني أحب أن أخرج إليكم وأنا سليم الصدر"، واتا: هیچ یەك لەئێوە لەبارەی هاوەڵەکانمـەوە هـیچ شـتێکم بـۆ نەگێڕێتـەوە، حەزدەکـەم بەدڵخۆشی و بێ گەردییەوە بێمە نێوتان.

هـ- چونکە تاکە ئایینێکە ڕێزی ئافرەتی ناسـاندووەو ڕێـزو شـکۆی پـێ بەخشیووە، ئەو مافانەی پێ داوە کە لەنێو هـیچ ئوممـەت و بیروبـاوەڕێکی تردا نمونەی نابینین.

و- ئەو تاکە ئایینەیە کە گرنگیی بەشوێنکەوتەی ئایینـەکانی تـر داوەو ئازادیی بیروباوەڕیانی لـە ئەسـتۆ گرتـووە، پـەروەردگار فەرموویـەتی:﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾ الممتحنة، واتا:خوا ڕێتان لـێ نـاگرێ لەگـەڵ ئەوانـەی کـە جـەنگیان لەگـەڵ نـەکردوون لەسـەر ئـەم دینـە وە دەریـان نەکردوون لە جێگـەو شـوێنەکانتان کـە چـاکەیان لەگـەڵ بکـەن وە دادیـان لەگەڵ بنوێنن بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش ئەوێ کە دادگەرن.

ئەوە خالیدی کوڕی وەلیدە لەسەردەمی ئـەبو بـەکردا(خوای لـێ ڕازیـی بـێ) بـەڵێن و پـەیمان بەخـەڵکی حـیرە دەدات کـە شـوێنی پەرسـتش و مامەڵەیان نەڕوخێنێ و ڕێگرییان نەکات لەخواپەرستیی خۆیان و دەرکردنی خاچەکەیان، لەبـەیتولمالی موسـڵمانانیش هاوکـاریی بـێ تواناکانیـان بکـات بەخۆیان و منداڵەکانیانەوە).

هەروەك یەكسـان مامەڵـە دەكـات لـەنێوان موسـڵمانان و شـوێنكەوتەی ئایینـەكانی تـردا، دەبیـنین پەیامبـەری خـوا(ﷺ) ئەفـەرمووێ:" مـن ظلـم معاهدا أو أنقصه حقه أو كلّفه فوق طاقته أو أخذ منه شيئا بغير طيب نفس فانا خصمه يوم القيامة " ، واتا:هەركەسێ ستەم لەپەیمان پێدراوێك بكـات یان مافەكەی كەمبكاتەوە یان لەسەرووی توانای خۆی ئـەركی بخاتەسـەر، یان بەبێ رازیبوونی خۆی شتێكی لێ وەربگرێ، ئەوە مـن دەبمـە ركەبـەری لەڕۆژی قیامەتدا.

بۆیە دەبینین عومەری كوڕی خەتاب(خوای لێ رازیی بـێ) ئامۆژگـاریی عەمری كوڕی عاص دەكـات كـە والی میسـر بـووەو پێـی ئـەڵێ:"تۆ ئـەهلی زیمەو پەیمان پێدراوت لەگەڵدایە، وریابە ئەی عەمر پەیامبـەری خـوا ببێتـە ركەبەرو حەق لێ وەرگرت". دەبینین كاتێ بەیتولمەقـدیس فـەتح دەكـات، لەگـەڵ ئەسـقەفەكەیدا پەیماننامەیـەك دەبەسـتێ و تیایـدا هـاتووە: ئەمـە پەیمانی سەلامەتیدانی بەندەی خوا عومەری ئەمیری باوەڕدارانە بۆ خەڵكی ئیلیا(بەیتولمەقدیس):

سەلامەتیی و پارێزراوییان پێ دەدەم بـۆ خۆیـان و سـەروەت و كڵێسـاو خاچـەكانیان، بەنـەخۆش و بـێ تـاوان و هـەموویان، كـەس لەكڵێسـاكانیان نیشتەجێ نابێ و ناڕوخێنرێن و هیچی لـێ كـەم ناكرێتـەوەو حەوشـەكانیان داگیر ناكرێ و دەست نابردرێت بۆ ژیان و خاچ و سـەروەتیان و زۆریـان لـێ نـاكرێ و لەئایینەكـەیان تـەنگیان پـێ هەڵناپێچـرێ و زیـان بەكەسـیان

نادرێ...ئــەوەی لــەم نووســراوەدا هەیــە پــەیمانی خوایــەو لەئەســتۆی پەیامبەرەکەی و خەلیفەو باوەڕداراندان.

ز- لەبەر ئایینی ئەو سۆزو بەزەییەیە کە ئامۆژگاریی و وەسێتی کردووە بەچـاك مامەڵــەکردن لەگــەڵ منـداڵان و هــەتیوان و ئافرەتــان و کەســانی بەتەمــەن و بــێ نــەواو خزمەتکاران،بۆیــە دەبیـنین پەیامبــەر(ﷺ) وەسـێتی کردووەو فەرموویەتی:« لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صَغِيرَنَا وَيُوَقِّرْ كَبِيرَنَا»، واتا: لەئێمــە نییــە ئــەو کەســەی بــەزەیی بەبچــووکەکانماندا نەیــەت و ڕێــز لەگەورەکانمان نەگرێت. هەروەها فەرموویەتی: «أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ» ، واتا: من و ئەو کەسەی ئەرکی هەتیوێك ئەگرێتە ئەسـتۆ، وەك ئــەم دووانــەین لەبەهەشــتدا. ئامــاژەی کردووەتــە پەنجــەی شــایەتومان و زەڕنەقووتە. هەروەها فەرموویەتی: "خير البيوت بيت فيه يتيم مُكرم"، واتا: باشترین ماڵێك ئەو ماڵەیە کە هەتیوێکی ڕێزلێگیراوی تێدا هەبێت.

هەروەها فەرموویەتی: " من أضحك أنثى كان كمن بكى من خشية الله"، واتا: هەرکەسێك مێینەیەك بخاتە پێکـەنین، وەك ئـەو کەسـەیە لەبـەر خـوا گریابێ.

هەروەها ئازیز فەرموویەتی: «اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا»، واتـا: بەچاکە لەگەڵ ئافرەتان مامەڵە بکەن. هەروەها فەرموویەتی: " مـن كـان لـه ثـلاث بنات فصـبر علـى لأوائهـن، وضـرائهن، وسـرائهن دخـل الجنـة" فقـال رجـل :"وثنتـان يارسـول الله؟" قـال:" وثنتـان"، فقـال آخـر:" وواحـدة؟" قـال: "وواحدة"، واتا:هەرکەسێ سێ کچـی هــەبێ و ئـارام بگـرێ لەسـەر ئـەرك و

پـەروەردەکردن و بـەخێوکردنیان، ئـەوە دەچـێتە بەهەشـتەوە، پیاوێـك وتی:ئەی بۆ دووانیش وەهایە ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی:بەڵێ بۆ دووانیش. یەکێکی تر وتی:ئەی کچێك چی ئەی پەیامبەری خوا؟ فەرمووی: بۆ یەك کچیش هەروا.

لەبارەی خزمەتکاریشەوە فەرموویەتی: " إنهم إخوانكم جعلهم الله تحت أيديكم،فأطعموهم مما تطعمون، واكسوهم مما تلبسون"،واتا:ئەوان براتانن خوای گەورە خستوونێتییە بەردەستی ئێوە، لەو خواردنەی خۆتان دەیخۆن خواردنیان پێ بدەن، لەو بەرگەی خۆتان دەیپۆشن بەرگیان لەبەر بکەن. بۆیە بیربکەرەوەو رابمێنە لەگەورەیی ئیسلام لەوشەی براتانن، رێز لەئادەمییەت و شکۆی خزمەتکار دەگرێت، چونکە لەکۆتاییدا ئەویش مرۆڤەو هەستی هەیە.

ئیسلام سەردانیکردنی نەخۆشی بەنمونەی سەردانیکردنی خوای گەورە داناوە، هەرکەسێ خۆی بەدووربگرێ و رێگریی بکات، خوا گلەیی لێ دەکات! بۆیە دەبینین وەك مافێك لەمافەکانی منداڵ، پەیامبەری خوا(ﷺ) وەسێتیکردووە مێردو هاوسەری باش هەڵبژێردرێت، پاشان ناوی جوان بۆ منداڵەکان هەڵببژێردرێت و باش پەروەردە بکرێن و رێزیان لێ بنرێت و سۆزیان بۆ دەرببڕدرێت، پاشان رێزگرتن لەڕیشسپێتیی مرۆڤی موسڵمان بەڕێزگرتن لەخوای گەورە داناوە!!! هەروەك دەبینین خوای گەورە ئامۆژگاریی موسڵمانان دەکات و دەفەرمووێت:

﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ ﴾ النساء: ٣٦.

**واتا:بەس خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەكەن بەهاوبەشی هەروەها لەگەڵ دایك و باوكتاندا چاك بن وە لەگەڵ خزم و نزیكان و هەتیوان و هەژاران.**

**ئەوەش دەبینین كە پەیامبەری خوا(ﷺ) هەژار و بێ نەوایانی خۆشدەوێ و چاكەیان لەگەڵدا دەكات و داوا لەپەروەردگاری دەكات لەگەڵ ئەواندا حەشری بكات! ئایە ئەمە چی ئایینێكە؟؟!!**

**ج- لەبەر ئەوەی ئایینی ئەو مامەڵە جوانەیە كە قسەی جوان و چاكی بەخێرو سەدەقە داناوە، بزەكردنی بەچاكە داناوە، لادانی ئازاری سەر رێگەو بانی بەچاكە داناوە، بۆ سەلامكردن لەیەكتر گەورەترین پاداشتی داناوە، ئەمانەی خوارەوەی بەسرپینەوەی تاوانی موسڵمانی داناوە:**

**تەوقەكردن لەگەڵ برای موسڵمان، دەستهێنان بەسەر مندالی بێ باوك، ئەوەی مێرد خۆراك بۆ خێزانەكەی دابین دەكات، خۆجوانكردنی ژن بۆ مێردەكەی و خۆجوانكردنی مێرد بۆ ژنەكەی، پێداگربوون لەسەر ئازار نەدانی كەسی تر بەقسەو ئاماژەو دەنگی بەرز، پەروردگار دەفەرموێت:** ﴿ وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسۡنٗا ﴾ البقرة: ٨٣، **واتا: قسەی جوان بكەن لەگەڵ خەڵكیدا.**

**پەیامبەر(ﷺ) ئەفەرمووێت: «الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ» ،واتا:موسڵمان ئەو كەسەیە، كە موسڵمانان لەزمان و دەستی پارێزراوبن. مامەڵە جوانیی بەیەكێك لەبناغەو بنەڕەتەكانی ئایین داناوە كە فەرموویەتی: "الدِّين الْمُعَامَلَةُ" ، واتا:ئایین جوان مامەڵەكردنە.**

ح– لەبەر ئەوەی تاکە ئایینێکە پاداشتی گەورە دەداتە ئەو کارە سادەو ئاسانانەی موسڵمان ئەنجامی دەدات، یەکێك لەو نمونە نەژمێردراوانە: سەدەقەو خێرکردن لەسەروەت و سامانی حەڵاڵ، لەئەبو هورەیرەوە(خوای لێ رازیی بێ)ئەڵێ: پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:"مَنْ تَصدَّقَ بِعَدْلِ تَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ وَلَا يَقْبَلُ اللَّهُ إِلَّا الطَّيِّبَ فَإِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُهَا بِيَمِينِهِ ثُمَّ يُرَبِّيهَا لِصَاحِبِهَا كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ حَتَّى يَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ"متفق عليه،واتا:هەرکەسێك بەنیوە خورمایەکی حەڵاڵ خێرێك بکات– خوای گەورە تەنیا پاك و حەڵاڵ قبوڵ دەکات–ئەوە خوای گەورە بەدەستی راستی وەریدەگرێ و قبوڵی دەکات و پاشان بۆ خاوەنەکەی گەورەو بەخێوی دەکات هەروەك چۆن یەکێ لەئێوە بەچکە ئەسپەکەی گەورە دەکات،تاوەکو بەقەد چیایەکی لێ دێت.

لەئەبی مەسعودی ئەنساریيشەوە(خوای لێ رازیی بێ)ئەڵێ:پیاوێك وشترێکی خەت خەتایی هێناو وتی:ئەمە لەپێناو خوای گەورە، پەیامبەری خواش(ﷺ) فەرمووی:"لەرۆژی قیامەتدا بۆت دەبێتە حەوسەد وشتری خەت خەتایی.

وتنی: " لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ " ، بوخاری و موسلیم لەسەحیحەکەیاندا گێڕاویانەتەوە کە پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:" مَنْ قالها كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ ، وَكُتِبَ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ ، وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنْ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِيَ، وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ ، إِلَّا رَجُلٌ عَمِلَ أَكْثَرَ

مِنْهُ "، واتا:هەرکەسێ لەڕۆژێکدا سەد جار ئەوەبڵێ، خێری ئازادکردنی دە بەندەی هەیە و سەد چاکەی بۆ دەنووسرێت و سەد خراپەی لەسەر دەسڕدرێتەوەو ئەو ڕۆژە تاوەکو ئێوارە لەشەیتان پارێزراو دەبێ، هیچ کەسێ کاری لەوەی ئەوی باشتر نەکردووە مەگەر کەسێك زیاتر لەوەی کردبێ.

ڕۆژووی شەشەڵان(شەش ڕۆژەی شەوال)، پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:"من صامها كان كمن صام الدهر"، واتا:هەرکەسێ شەشەڵان بەڕۆژووبێ، وەك ئەوەیە هەموو تەمەنی بەڕۆژووبووبێ.

هەرکەسێ سێ جار سورەتی ئیخلاس بخوێنێتەوە، وەك ئەوەیە هەموو قورئانی خوێندبێتەوە.

ی– لەبەر ئەوەی ئایینی وەفاو ئەمەکدارییە، نمونەی پاداشتی کەسی ساغ و گیرساوەی شوێنی خۆی و بەتوانا ئەبەخشێتە نەخۆش و بێتواناو ڕێبوار.

ك– لەبەرئەوەی ئایینی نەرموونیانییە، مرۆڤێ لێپرسینەوە ناکات عەقڵ و هۆشی لەشوێنی خۆی نەبێ تاوەکو بەئاگا نەیەتەوەو عەقڵی نەیەتەوە شوێنی خۆی، پەیامبەری ئازیز فەرموویەتی:"رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثٍ: عَنْ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبَرَ، وَعَنْ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنْ الْمَجْنُونِ حَتَّى يُفِيقَ" (رواه أحمد وأبو داود والنسائي وابن ماجة والحاكم عن عائشة بإسناد صحيح)،واتا: قەڵەمی تاوان لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە، لەسەر کەسی

بچــووك تــاوەكو گــەورە دەبــێ و پێــدەگات، كەســی خــەوتوو تــاوەكو بەئاگادێتەوە، شێت تاوەكو عەقڵی دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

ل– لەبەر ئەوەی ئایینی زانستە، كە تایبەتمەندە بەموعجیزەی قورئان، یەكـەمین وشـەیەكی دابـەزێنراوی قورئـان بریتیـی بـووە لەوشـەی"إقـرأ"، واتا:بخوێنە، هەروەك دەبینین پەیامبەری خـوا(ﷺ) لـەبارەی پلـەو پایـەی زانستەوە زۆرێك فەرمایشتی هەیە، لەوانە:"طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كلِّ مُسْلِمٍ وَمُسْلِمَةٍ" ، واتا:گەڕان بەدوای زانست، فـەرزە بەسـەر هـەموو موسـڵمانێكی نێرو مێوە.

هەروەها فەرموویەتی:"من سلك طريقا يلتمس فيه علما كان في سبيل الله حتى يرجع"، واتا:هەركەسێك ڕێگەیـەك بگرێتەبـەر بـۆ وەرگرتنـی زانسـت، ئەوە لەڕێگەو لەپێناو خوای گەورەدایە تاوەكو دەگەڕێتەوە.

هەروەها فەرموویەتی:" إنَّ الله وملائكتـه وأهـل السَّموات والأرض حتَّـى النَّملة في جحرها وحتَّىٰ الحوت ليصلُّون علىٰ مُعلِّم النَّاس الخير "، واتا:خوای گەورەو فریشتەكانی و بوونەوەران، تەنانەت نەهەنگیش لـەدەریادا سـڵاوات دەدەن لەسەر ئەو كەسەی چاكە فێری خەڵكیی دەكات.

موسڵمانانی سەرەتا بەم پەروەردەیەوە پابەندبوون تاوەكو بەزانسـتیان بوونـە گـەورەی خـەڵك و خوێنـدكارانی پارچـەكانی زەویـی لەسەردەسـتی ئەوان فێر و پەروەردە بوون، بەڵام كـە نـەوە لـەدوای نـەوە لەئایینەكـەیان دووركەوتنەوە، وێرانبوونی شارستانییەتەكەیان دەسـتیپێكرد، لەوكاتەشـدا ڕۆژئاوا لەسەر پاشماوەی شارستانییەتی ئیسلامیی شارستانییەتی زانستیی خۆیانیان دامەزراند.

م- لەبەرئـەوەی ئـاینی خۆشەویسـتی و هاوپەیوەسـتەیی خێزانـی و کۆمەڵایەتییـە، کـە ئـازاردانی دایـك و بـاوکی بەیـەکێك لەتاوانـە گـەورەکان داناوەو فەرمانی داوە دوای پەرستشی خوای گەورە گوێڕایەڵییان بکرێت و ئەفـــــــــەرمووێ: ﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا﴾ النساء: ٣٦، واتـا: بـەس خـوا بپەرسـتن و هـیچ شـتێك مەکـەن بەهاوبەشی هەروەها لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاك بن.

بەهەشتیشی حەرام کردووە لەسەر ئەو کەسەی پەیوەنـدی خزمایـەتیی دەپچـڕێنێ و پەیامبــەر(ﷺ) فەرموویــەتی:"لاَ يَـدْخُلُ الجَنَّــةَ قَــاطِعُ رَحِـمٍ "،ئامۆژگاریی کردووە بەچاك بوون لەگەڵ هاوسێ و ئەفـەرمووێت:" مَـا زَالَ يُوصِينِي جِبْرِيلُ بِالْجَارِ حَتَّـى ظَنَنْـتُ أَنَّـهُ سَـيُوَرِّثُهُ"،واتا:جیبریـل ئەوەنـدە ئامۆژگاریی کردم بەچاکەکارییکردن لەگەڵ هاوسێ، تاوەکو وەهـام گومـان دەکـرد هاوسـێ لەهاوسـێ مـیرات دەبـات. هـەروەك ئامۆژگـاریی کـردووە بەچاکەکارییکردن لەگـەڵ هـاوڕێ و ئەفـەرمووێ:" خَيْـرُ الأَصْحَابِ عِنْـدَ اللهِ خَيْرهمْ لِصَاحِبِهِ "، واتا: باشترینی دوو هاوڕێ لای خوای گەورە، ئەوەیانـە کـە باشـترینە، هـەروەك پەیامبـەر(ﷺ) هانـدان دەکـات بـۆ کۆبوونـەوەو یەکدەستبوونی موسڵمانان و دەفـەرمووێت:" يَـدُ اللَّـهِ مَـعَ الْجَمَاعَـةِ"،واتـا: دەستی خوا لەگەڵ کۆمەڵبووندایە، فەرمووشێتی:" فَإِنَّمَـا يأْكُـلُ الـذِّئْبُ مِـنَ الغَنمِ القَاصِيَةَ"، واتا: گورگ مەڕی تار و تاقانە دەخوات (ئەو مەڕەی لـەڕان دوورکەوتبێتەوە). نوێژی بەکۆمەڵ پاداشتی زۆرتـری بـۆ دانـراوە لەنوێـژی بەتەنیا ئەنجام بدرێت، نوێژی هەینی و هەردوو نوێژە جەژنەکەی بۆ داناون

و حەجیش تاوەکو یەکتر بناسن و هاوکاریی یەکتربن و بەڕاستخستنەوەی فەرمایشتی خوای گەورەبن کە دەفەرموویت: ﴿ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ ﴾ الحجرات: ١٣، واتا: کردومانن بە چەند گەل و هۆزەوە تا یەکتری بناسن.

هـ- لەبەرئەوەی ئایینی بەزەییبوونە بەرانبەر هەموو بوونەوەران، تەنانەت خراپەکارێك دەخاتە بەهەشتەوە لەبەر ئەوەی ئاوی بەپشیلەیەك داوە، ئافرەتێکیش دەخاتە دۆزەخەوە لەبەرئەوەی پشیلەیەکی بەند کردبوو بێ نان و ئاو و بەرەڵایی نەکردبوو، پیاوێك دەخرێتە بەهەشتەوە لەبەرئەوەی پێش ئەوەی خۆی ئاو بخواتەوە بەپشیلەیەکی دابوو، موسڵمانان لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەوییدا لەدیمەشقی سوریا شوێنێکیان تەرخان کردبوو بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵە نەخۆش و پیرەکان.

ئەوەش بەڕاستخستنەوەی فەرمایشتی پەیامبەری ئازیزە(ﷺ) کە فەرموویەتی:" إن الرفق ما كان في شيء إلا زانه وما خلا منه شيء إلا شانه"، واتا: بەزەیی و نەرم و نیانیی لەهەرشتێکدا هەبێ زیاتری دەکات و تیایدا نەبێ کەمی دەکاتەوە. ئەوەش لەهەڵسوکەوتی پەیامبەر(ﷺ) رەنگدەداتەوە لەگەڵ ئەو وشترەی کە شکاتی خاوەنەکەی لای خۆشەویست کرد، بەوەی ماندووی دەکات و خۆراکی پێ نادات، بۆیە بەخاوەنەکەی فەرموو:" ألا تَتَّقِي اللَّهَ فِي هَذِهِ الْبَهِيمَةِ الَّتِي مَلَّكَكَ اللَّهُ إِيَّاهَا؟!"، واتا: ئایە لەخوای گەورە ناترسی دەرهەق بەم ئاژەڵە کە خوای گەورە تۆی کردووەتە خاوەنی؟!

٣- بۆچی ئیسلام لای منداڵەکانمان خۆشەویست بکەین؟

أ- چونکە تاوەکو ئیسلامیان لا خۆشەویست نەبێ و پێیەوە نەژێن و بۆی نەژێن، هەرگیز نابنە موسڵمانی راستەقینە.

ب- چونکە منداڵەکان، خوای گەورە سپاردەی کردوون بەدایك و باوکان و بەخێوکەران و خێزان و کۆمەڵگەکانیان، ئەوان لەبارەیەوە بەرپرسیارن،کەمتەرخەمییان بەرانبەر بکەن لێپرسینەوەی قیامەتیان لەسەر دەبێ و پاداشت دەدرێن گەر چاکەیان لەگەڵ بکەن و دەرهەقیان لەخوای گەورە بترسن.

ج- لەبەرئەوەی قۆناغی منداڵیی قۆناغی پاکی و لەکە نەگرتنی بیرە، بۆیە ئاراستەکردنێکی ئایینانەی، لەدڵ و بیرو عەقڵیدا جێگە دەگرێتەوە.

د- لەبەرئەوەی قۆناغی منداڵیی، قۆناغێکە بەهرەی لەبەرکردن و بیرتیژیی تێدا دروست دەبێ،بەهۆی سەرقاڵییەکانی قۆناغەکانی دیکەوە پێویستە ئەم بەهرەیە جوان و ساغ ئاراستە بکرێت.

هـ-لەبەرئەوەی قۆناغی منداڵیی قۆناغی پاك و بێتاوانییە، بەبیری وێرانکەرو حەزی خراپەکاریی تووش نەبووە کە لەگرنگیدان بەلایەنی ئایینیی دووریبخاتەوە، پێچەوانە بەوەیە گەر لەقۆناغەکانی کۆتاییدا ئاراستە بکرێت، وەك شاعیر ئەڵێ:

وينفع الأدب الأحداث في صغر    وليس ينفع عند الشيبة الأديان

الغصون إذا قوَّمتها اعتدلت    ولن تلين إذا قومتها الخشب

واتا:ئەدەب و رەوشت لەمنداڵییدا سوودی دەبێ،لەکاتی پیریی مرۆڤدا سوودی نابێ، دارو درەخت لەتازەیی و ساواییدا راست دەبێتەوە، کە قەبارەی کردو خۆی گرت ئیتر راست ناکرێتەوە.

و–لەبەر ئەوەی جیهان لەسایەی جیهانگیریی نوێدا وەك دێیەکی بچووکی لێهاتووە، تاکی موسڵمان دەیان بیری دژو خراپ لەهەموو لایەکەوە دەورەی داوەو لەئایینەکەی دووری دەخەنەوەو گومان دەخەنە بیروباوەڕییەوە، بۆیە پێویستە موسڵمانان بەڕۆشنبیریی ئایینیی پڕچەك بکرێن، تاوەکو بەرچاو روون بن و بەعەقڵییەکی وشیارانەوە رووبەڕووی ئەو بیرو ئەفکارانە ببنەوە، بۆیە چاندنی رۆشنبیریی ئایینیی لەقۆناغی منداڵییدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتی منداڵ و جوان دامەزرانی لەداهاتوودا، بەوە ساغ پێدەگات و چاکەکار دەبێ لەگەڵ دایك و باوکی و دەبێتە تاکێکی کارا لەکۆمەڵگەدا.

## ٤- چۆن ئیسلام لای منداڵەکانمان خۆشەویست بکەین؟

دەبێ سەرەتا خۆمان ئیسلاممان خۆشبووێ، چونکە منداڵ لەچاوانی دایك و باوك و پەروەردەکارانییەوە دەڕوانێت،پاشان ڕەچاوی دۆخی منداڵ و هەست و سۆزو پێداوێستییەکانی بکەین و تواناکانیشی لەقۆناغەکانی تەمەندا، تاوەکو بەپشتیوانیی خوای گەورە ببێتە موسڵمانێکی ڕێك و بەسوود بۆ خۆی و کەس و کارو کۆمەڵگەو ئایینەکەی، دەبێ باش لەبیرمان بێ(پەروەردەی دەروونیی منداڵ پشت دەبەستێتە ئەوەی:کاتێك لەسایەی ڕەخنەگرتنی بەردەوامدا دەژێ، فێر دەبێ ئیدانەی ئەوانی تر بکات...کاتێ لەئارامییدا دەژێ، فێری متمانە بەخۆبوون دەبێ...کاتێك لەسایەی دوژمنکارانەدا دەژێ، فێری پەلاماردان دەبێ...کاتێك لەژینگەیەکدا دەژێ قبوڵی بکەن، فێری خۆشەویستیی دەبێ...کاتێك لەسایەی ترسدا دەژێ، فێر دەبێ چاوەڕێی خراپە بێ...کاتێك لەسایەی ئەوەدا دەژێ دانیپێدابنێن، فێر دەبێ و دەزانێ ئامانجێکی هەیە...کاتێك لەوەدا دەژێ سۆزو بەزەیی زیاتری بەسەردا بڕێژرێ، فێری حەسرەت خواردن دەبێ...کاتێك لەسایەی پشتگیرییدا دەژێ، فێر دەبێ خۆی خۆشبووێ..کاتێك لەسایەی غیرەکردنێکی زیاد لەسنوور دەژێ، فێری هەست بەتاوانکردن دەبێ...کاتێك لەسایەی هاوڕێتییدا دەژێ، فێر دەبێ جیهان شوێنێکی جوانە.

## قۆناغەکانی خۆشەویستکردنی ئیسلام بۆ منداڵ:

### قۆناغی پێش هاوسەرگیریی:

ئەی پیاو، بزانە سادەترین مافێکی منداڵەکەت بەسەرتەوە، ئەوەیە دایکێکی خواپەرستی بۆ هەڵبژێری، ئەی ئافرەت تۆش بزانە سادەترین مافێکی منداڵەکەت بەسەرتەوە، ئەوەیە باوکێکی خواپەرستی بۆ هەڵبژێری، مێردێك بێ هاوکارت بێ بۆ خواپەرستی، تاوەکو کارئاسانییت بۆ بکات بەگوێڕایەڵیکردنی بەهەشتت بۆ مسۆگەر ببێ، گوێ بگرە لەپەیامبەری خوا(ﷺ) کە فەرموویەتی:" ...فاظفَر بذاتِ الدین تربَت یداك"،واتا: ئافرەتە ئاییندارەکە هەڵبژێرە سەرفراز دەبی. بە تۆی ئافرەت و کەسوکارەکەشت ئەفەرمووێ:" إذا جاءکم مَن ترضون دینه وخُلُقه فزوجوه"، ئەگەر کەسێك هاتە خوازبێنیی کچەکانتان و لەئایین و خووڕەوشتی رازیبوون، ئەوە ژنی پێ بدەن.

### قۆناغی کۆرپەیی

منداڵ هێشتا لەسکی دایکییدایە هەست بەخۆشەویستیی ئیسلام دەکات،ئەوەش لەڕێگەی خۆشەویستی و دڵسۆزیی دایکەکەی بۆ ئیسلام و مومارەسەرکردنی دروشمەکانی ئیسلام، وەك ئەوەی خواو پەیامبەرەکەی(ﷺ) فەرمانیان پێ داوە، هەروەها بەبەردەوام بەدڵ گوێگرتنی بۆ قورئان، بەوە هەستی دایك بۆ منداڵەکە دەگوازرێتەوە.

## قۆناغی دوای لەدایكبوون تاوەكو دوو ساڵیی

پێویستە یەكەمین دەنگێك كە دەچێتە گوێی ئەو منداڵەوە، بانگدان بێ لەگوێی راست و قامەتكردن لەگوێی چەپی، ئەوەش وەك جێبەجێكردنی سوونەتی پەیامبەری خوا(ﷺ) و پارێزگاریكردنی لەشەیتان.

لەو قۆناغەدا منداڵ دەتوانێ ئایینەكەی خۆشبووێ، ئەوەش لەڕێگەی ئەوەی بەچاو و لەدەورووبەری خۆی دەیبینێ– بەتایبەت لەدایك و باوكی– و ئاراستەی بیرییان بەرانبەر بەئیسلام، هەرگیز بەموسڵمانێكی تەواو پێناگات گەر دایك و باوكی بەو جۆرە نەبن، پەیامبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی:" كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ , فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ" ، واتا: هەموو منداڵێك لەسەر خۆرسكی ئیسلامەتیی لەدایك دەبێ، ئەوە دایك و باوكێتی دەیكەنە جولەكەو گاورو مەجوسی.

ئەگەر منداڵ هەمیشە گوێی لەم ویردانە بوو:

- " الحمد لله على نعمة الإسلام"
- "رضيتُ بالله رباً، وبالإسلام ديناً وبمحمدٍ (ﷺ) نبياً ورسولاً"
- " اللهم يا مقلِّب القلوب ثبت قلوبنا على دينك"
- "ربنا لا تُزِغ قلوبنا بعد إذ هديتنا وهب لنا من لدُنك رحمة إنك أنت الوهاب"
- " اللهم أدِم علينا نعمة الإيمان بك وشرف الإسلام لك،واجعلنا مِمَّن عبدك حتى يأتيه اليقين"، بینی كە دایك و باوكی نوێژێكی جوان و تەواو ئەنجام دەدەن و خۆشحاڵن بەبیستنی قورئان و بەجۆشەوە یادی پەیامبەری

خوا(ﷺ) دەکەن و خۆشحاڵن بەمانگی رەمەزان و هەمیشە بۆ هەموو شتێ سوپاسی خوای گەورە دەکەن، ئەوکات منداڵیش بەخۆشویستنی ئایینەکەی پێدەگات و بەچی لەتوانایدابێ لەدایك و باوکی زیاتر گوێڕایەڵی خوای گەورە دەبێ و خزمەتی ئایینەکەی دەکات.

## قۆناغی (٣-٦)ساڵیی

دەکرێ لەم قۆناغەدا هەندێ سروودی بیروباوەڕی دوور لەشیرکی فێر بکرێ.

***

(الله پەروەردگارمە، موحەممەد پەیامبەر و پێشەوامە، ئیسلام ئایینمە، کەعبە قیبلەمە، قورئان پەرتووکمە، رۆژوو قەڵغانی منە بەرانبەر بەدۆزەخ، بەخشین مایەی شیفابوونمە، دەستنوێژ پاکژییمە، نوێژ گلێنەی چاومە، دڵسۆزیی نییەت و نیازمە، راستگۆیی رەوشتمە، بەهەشت ئومێدمە، رازیبوونی خوای گەورە ئامانجمە).

دەبێ بۆ منداڵەکانمان روونی بکەینەوە(مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەشتێکە متمانەی بخاتەسەرو پشتی پێ ببەستێ، پێویستی بەهێزێکی مەزنی دادپەروەرە ژیانێکی رێزدارانە و ئارامی و دڵنیایی بۆ لەئەستۆ بگرێ...هێزێك ئەوەی پێ ببەخشێ کە داوای دەکات و رێگریی بکات لەوەی لێی دەترسێت و بەحەق و رەوا کێشەی نێوان خۆی و کەسی تر یەکلایی بکاتەوە، هێزێك ئومێدەکانی بۆ بهێنێتەدی و گیان و لاشەی لەتیاچوون بپارێزێ، ئەو هێزە مەزنەش بریتییە لە(الله)ی پاك و مەزن، پاشان بەسادەییەوە ئەم ئایەتەی بۆ شیبکەینەوە:

﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف

واتا: بەڕاستی پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروست کردووە پاشان(خوا)چووە سەر عەرش(ئێمە ئیمانمان پێ یەتی بەلاَم شێوەکەی نازانین) بە(تاریکایی)شەو (ڕۆشنایی)ڕۆژ دادەپۆشێ(بەپێچەوانەشەوە)(ڕۆژ بەشوێن شەوەوەیە بەخێرایی و)شەو بەشوێن ڕۆژەوەیە بەخێرایی خۆرو مانگ و ئەستێرەکانیش ژێر بار کراوون بەفەرمانی خۆی بێدار بن کە بەدی هێنان و فەرماندان هەر بۆ خوایە پاك و بێ گەردە(لەهەموو کەم و کوڕی یەك)خوای پەروەردگاری جیهانیان.

هەواڵی پێ بدەین کە باوەڕهێنان بەخوای گەورە پایەی یەکەمی پێنج پایەکەی ئیسلامە، واتا ئەو پایە گەلەی ئیسلامیان لەسەر دادەمەزرێت، بێگومان خوای گەورە فەرمانی پێکردووین بیر لەو دروستکراوانەی بکەینەوە کە بەڵگەی گەورەیی و هێزی ئەون، ئەم ئاسمانەو ئەو هەسارەو ئەستێرەو گەردوون و کاکێشان و ئەو زەوییەش بەو هەموو بوونەوەرو رۆك و گەنجینانەی تیایدایە، دەریاکانیش بەو هەموو شتە سەیرو سەمەرانەی تیایاندایە، هەمووی بەڵگەو نیشانە جوان و سرنجڕاکێشەکانی خوای گەورەن. پرسیار لەعەرەبێکی دەشتەکیی کرا لەبارەی بوونی خوای گەورە، ئەویش وتی:"ئاو بەڵگەیە لەسەر بوونی رووبارو جۆگە، شوێنەواری

پێ بەڵگەیە لەسەر ئـەوەی بوونـەوەرێك بەوێـدا رۆیشـتووە، ئایـە ئاسمـانی دەرەوشاوە بەئەستێرەو هەسارەو زەویـی خـاوەن رێگـەی فـراوان و دەریـا گەلێکی شەپۆلدەر بەڵگەی بوونی دروستکارێکی زاناو داناو بەڕێز نییە؟".

ئەکرێ ئەم چیرۆکانەی خوارەوەیان بۆ بگێڕینەوە کە شوێنەواری گەورە لەدەروونی منداڵەکاندا بەجێدەهێڵێ:

پەروەردەگارم بوونی هەیە

(رۆژێك پیاوێك کە باوەڕی بەبوونی خوای گەورە نەبوو، لای خەلیفەیەك ئامادەبوو، بەمتمانە بەخۆبوونەوە وتی:"من شتێك نابینمەوە قەناعەتم پـێ بکات خوایەك بوونی هەبێ، لەوەشدا تەحەدای گەورەترین زاناتان دەکەم و دڵنیام بەسـەریدا سـەردەکەوم، خەلیفـە کـەمێك بێـدەنگ بـوو، لـەدەروونی خۆیـدا وتی:"گـەر بیکـوژم، ئـەوە خـەڵکیی ئـەڵێن توانـای نـەبوو بەبەڵگـە رووبەڕووی ببێتەوە"، پاشان بانگی وەزیرەکەی کرد تاوەکو پێشـەوا ئـەبو حەنیفەی بۆ بانگ بکـات، کـە پێشـەوایان هێنـا، خەلیفـە داوای لێکـرد ئـەو کابرایە بەبوونی خوای گەورە قەناعەت پێبکات.

پێشەوا بەخەلیفەی وت:"بۆی دەسەلمێنم کە خوای گەورە بوونی هەیە، بەڵام مۆڵەتم بدە تـاوەکو کـارێکی پێویسـت هەیـە لەدێیەکـەی تەنیشـتمان جێبەجێی بکەم و خێرا دەگەڕێمەوە، خەلیفەش مۆڵەتی دا، بـەڵام پێشـەوا زۆری پێچوو، کابرا هەستی بەلەخۆباییبوون و خۆبەلزانیی کرد، بەخەلیفـەی وت:مۆڵەتم دەدەی بڕۆم؟ ئەوە ئەبو حەنیفە هـەڵهات و نـەیتوانی قەناعـەتم پێ بکات"، بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەبو حەنیفە گەڕایـەوەو لـەو دواکەوتنـە

داوای لێبـووردنی کـرد، بۆیـانی باسـکرد کـه لەڕێگـەی دا رووبارێـك هـەبوو بەلەمی دەستنەوکەوت پێی بپەڕێتەوە، بۆیە دانیشت تاوەکو بەلەمێك بێت، چاوەڕوانیی زۆری خایاند، لەناکاوێکدا شتێکی سەیری بینی...بینی کۆمەڵێ دارو تەختـە کۆبوونـەوەو بزمارەکـانیش بەتەختەکانـدا چـەقین و چـەکوش دەرکـەوت و بزمارەکـانی بەتەختەکانـدا چـەقاند تـاوەکو بەلـەمێکی تـەواو لەبەرچاوی دروست بوو، ئەمیش سەری کەوت و پێیـەوە گەیشـتە ئەمـدیوو رووبارەکە.

کابرا دەسـتیکردە پێکـەنین و وتی:"تـەنیا شـێت ئـەم قسـانە ئـەکات و بەڕاسـتیدەخاتەوە، ئـاخر چـۆن بزمـارو تەختـە بەئاسمانـدا دەفـڕن و کۆدەبنەوەو دەبنە بەلەمێك بێ ئەوەی کەسێك دروستیان بکات؟!

ئـا لێـرەدا ئـەبو حەنیفـە بزەیـەکی کـردو وتی:"ئەگـەر دروسـتکردنی بەلـەمێکی بچـووك بـەبێ دروسـتکارێك گونجـاو نـەبێت و عـەقڵ بەڕاسـتی نەخاتەوە، ئەی چۆن ئەوە بەڕاست دەخاتەوە کە زەوی و ئاسمان و خـۆرو مانگ لەخۆیانەوە دروست بووبن و دروستکارێك بوونی نەبێ؟!

کابرا دەمکوت بـوو پاشـان وتی:"راسـتت کـرد، بەڕاسـتی ناکرێـت ئـەم گەردوونە بێ خالقێك بێ، ئەوەشی ئەوانەی دروستکردووە(اللە)یە.

***

( هەنـدێ هـاوپۆل لەپۆلەكـەیان پێكـەوە دانیشـتن، هاوڕێیـەكیان كـە باوەڕی بەخوای گەورە نەبوو هاتە ژوورەوە بۆلایان،پێیانی وت:"ئەمبینن؟ وتیان:بـەڵێ. وتـی: كـەواتا مـن هەم..پاشـان وتی:ئـەم تابلۆیانـە دەبیـنن؟ وتیان:بەڵێ. وتی: كـەواتا ئـەم تابلۆیانـە بوونیـان هەیـە. وتـی: تەختـەكان دەبیـنن كـە لەسـەری دادەنیشـن؟ وتیـان: بـەڵێ. وتـی: كـەوابوو ئـەوانیش بوونیان هەیە. پاشان بـەفێڵ و لەخۆباییبوونـەوە وتی:ئایـە خـوا دەبیـنن؟ وتیان:نە. وتی: كەوابوو لەكوێیە وا نایبینین؟

یەكێك لەخوێندكارە ژیرەكان بەهاوپۆلەكانی وت:عەقڵی ئەم هاوڕێیەمان دەبینن. وتیان:نە. وتی:كەوابوو عەقڵی بوونی نییە ! !

# پەروەردگارم بەبەزەییە

لەکۆندا پیاوێك هەبوو تاوانی زۆر بوو، لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام بوو تاگەیشتە مردن، بەمنداڵەکانی وت:ئەگەر مردم تەرمەکەم بسووتێنن تاوەکو دەبێتە خۆڵەمێش و لەزۆرێك شوێنی دەریادا بیدەن بەبادا تاوەکو لەنێو ئاوی دەریادا بتوێتەوەو شوێنەواری نەمێنێ. پاشان پێیانی وت:سوێند بەخوا گەر خوا توانای کۆکردنەوەمی هەبێ، سزایەکم دەدات کەسی بەوجۆرە سزا نەدابێ.

کابرا مردو منداڵەکانیشی داواکەیان بۆ جێبەجێکرد، خوای گەورە بەزەویی فەرموو: چیت لایە لەتەرمی ئەو کابرایە کۆیبکەرەوە، وردە خۆلەمێشەکانی کۆبوونەوە تاوەکو پیاوەکە وەکو جاران جەستەی تەواو رێکبوویەوەو هێنرایە بەردەم خوای گەورە، خوای گەورە پرسیاری لێکرد بۆچی ئەو وەسێتەت کرد، لەکاتێکدا خوای گەورە خۆی ئاگادار بوو بەوە، پیاوەکە وتی:"ترسی تۆ هۆکار بوو ئەی پەروەردگار"، خوای گەورە بەهۆی ئەو ترسەوە لێیخۆش بوو.

***

لەکۆندا بازرگانێك هەبوو کڕین و فرۆشتنی ئەکرد، ئەو کابرایە مرد، فریشتەکان پێشوازییان لەڕوحی کردو پێیان وت:هیچ چاکەیەکت کردووە؟

ئەویش پێیانی وت:کوڕ و خزمەتکارەکانم دەنارد بۆ کۆکردنەوەی قەرزەکانم، بەڵام ئامۆژگارییانم ئەکرد گەر کەسێك توانای نەبوو قەرزەکان بداتەوە لێیخۆش بن بەڵکو خوای گەورە لێمان خۆشبێ. بەوە خوای گەورە لەو کابرایە خۆشبوو بەهۆی لێخۆشبوونی لەوانەی توانای دانەوەی قەرزەکەیان نەبوو.

# پەروەردگارم بەتوانایە

رۆژێـک پیـاوێکی دەوڵەمەنـد لەگـەڵ هـاورێ هەژارەکەیـدا رۆیشـتە باخچەیەکی پڕو بەرفراوانەوە، پڕ بوو بەدرەختی تـرێ و دارخورمـا، خـوای گـەورە لەناوەڕاسـتی ئـەو بـاخ و باخچـەیەدا رووبـارێکی تەقانـدبوو، پیـاوە دەوڵەمەندەکە لەخۆبایی ببـوو بـەفراوانیی بـاخ و زۆریـی بەروبوومەکەیـەوە، بۆیــە بەهاوڕێکــەی وت:وەهــا گومــان نابــەم بەرهــەمی ئــەم باخــە کۆتــایی بێت،لـەخۆباییبوونی ئەوەنـدە زیاتربوویـەوە، وەهـای بانگەشـە کـرد لـەدوای مردنیشـی لەخێرەکـەی بـێ بـەش نـابێ، هـاورێ هەژارەکـەی ئامۆژگـاریی کـرد بێباوەڕیی بەرانبەر بەخوای گەورە نەکات و خۆبـەزل نـەزانێ و پێیوت:"بڕوانـە من کە ماڵ و کوڕم لەتۆ کەمترە، رەنگە خوای گەورە چاکترم پێ بدات بـەوەی بە تۆی داوە، ئەی بۆ نـاڵێی(" مـا شـاء الله ، لاقـوة إلا بـالله"؟)، بـەڵام کـابرای دەوڵەمەند گـوێی بـەو ئامۆژگارییـە نـەدا، لەبـەیانیی زوودا چـووە باخەکەیـەوە تاوەکو بەخێرو بیرو جوانییەکەی چێژ ببـینێ، شـتێکی زۆر سـەخت و کتـوپڕی بینـی، بـینی باخەکـەی بـێ بـەروبووم و گەڵایـە، بەروبوومـەکان تێکچـوونە و گەڵای دارەکانیش وەریـوون، بۆیـە بـەو دیمەنـە توونـد بەسـەر دەسـتی خۆیـدا دەداو پەشــیمان بــوو لەســەر ئــەو قســانەی بــۆ هاوڕێکــەی کردبــووی و وتـی:"خۆزگە بەهیچ شتێك هاوبەشـییم بـۆ پـەروەردگارم بڕیـار نەدەدا...ئـەوە سـەرەنجانی هەرکەسـێکە بەنیعمەتـەکانی خـوای گـەورە لـەخۆبایی بـبێ و سوپاسی خوا نـەکات لەسـەری و پشـت بەپـەروەردگاری نەبەسـتێ بـۆ ئـەوەی بیپارێزێ. نمونەی ئەم چیرۆکەش لەسورەتی(القلم)دا هاتووە.

## قۆناغی حەوت ساڵیی بۆ دە ساڵیی

لەم قۆناغەدا پێویستە لە دوولایەنەوە ئیسلامیان لا خۆشەویست بکەین:
یەکەم:وەك ئایینێك کۆمەڵێ پایەی هەیە:

١- شایەتیدان بەیەکتاناسینی خوای گەورە: (ئەگەر لەقۆناغێکی سەرەتادا خوا بناسن، ئەوە ئەو مەعریفەیە گەش و نما دەکات،ئەو زاستە کەڵەکە دەبێ و ئەبێتە ئەزموونێکی قووڵ، لەگەڵ تەمەندا زیاتر لەخوای گەورە نزیکدەبنەوە، بێگومان ئەو کەسەی لەسەر گوێڕایەڵیی خوا پێدەگات شتێکە و ئەوشی لەقۆناغێکی درەنگدا بەخواپەرستیی دەگات شتێکی ترە) بۆیە الله تاکە پەروەرگارمانەو بێ هاوبەش و هاوشێوەو یاریدەدەرێکە، ئەگەر کۆمەڵێ زیاتر لەسەرکردەیەکی بێت، ئەوە ئەو کۆمەڵە تێکدەچێ و دەشێوێ، ئێمە کە بەچاو خوای گەورە نابینین، لەبەر ئەوەیە ناتوانین خۆڕابگرین، چاوەکانمان بەرگەی بینینی نوری خوا ناگرن، دەکرێ چیرۆکی موسا(سەلامی خوای لەسەربێ)لەگەڵ چیاکەیان بۆ بگێڕینەوە.

تەنیا دەتوانین لەبەهەشتدا خوای گەورە ببینین، ئەوە گەورەترین نیعمەتێکە خوای گەورە کردوویەتییە منەت بەسەر بەندە پارێزگارەکانیەوە لەبەهەشتدا.

بەڵام لەدونیادا، لەهەرکوێدا بین خوای گەورە دەمانبینێ و دەمانبیستێ، ئێمەش لەهەموو شتێکی جوانی مەخلوقاتەکانیدا هەست بە ئەو دەکەین، پەیامبەری خوا(ﷺ) کاتێك مانگی هیلالی دەبینی، تەماشای دەکردو دەیفەرموو:"پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆ".

٢- نوێژ: نوێژ کۆڵەکەو پایەی راگری ئایینە، بەوەوە ئایین خۆڕادەگرێ، بێ ئەو وێران دەبێ پەنا بەخوا،بۆیە فێرکردن و راهێنان و ئارەزوو بۆ دروستکردنیان بۆ نوێژ لەگەورەترین و گرنگترین ئەرکە پەروەردەییەکانی دایکان و باوکانە، وردو درشتی ئەم بابەتەش لەو کتێبەدا دامانناوە کە ناونیشانی(چۆن نوێژ لای جگەرگۆشەکەت خۆشەویست دەکەیت؟)[٢]هەیە، وەها دەزانم کتێبی بەسوودە بۆ ئەو بوارە.

٣- زەکات: لەم قۆناغەدا منداڵ رابهێنرێت لەسەر زەکات، ئەوەش لەرێگەی راهێنانی لەسەر بەخشین، بەوەی لەتوانادابێ بەشتی کەم لەبەرچاوی ببەخشرێت، پێی بووترێ ئەم بەخشینە تووڕەیی خوای گەورە دەکوژێنێتەوە، باوەڕدار لەڕۆژی قیامەتدا لەسایەی بەخشینەکەیدایە، بۆیە پەیامبەر(ﷺ) لەبارەی گەورەیی بەخشینەوە فەرموویەتی:" كُلُّ امْرِئٍ فِي ظِلِّ صَدَقَتِهِ حَتَّى يُفْصَلَ بَيْنَ النَّاسِ"،واتا:لەرۆژی قیانەتدا هەموو مرۆڤێك لەسێبەری بەخشینەکەیدایە تاوەکو لێپرسینەوەی خەڵکیی یەکلادەبێتەوە. هەروەها فەرموویەتی:" تَصَدَّقُوا وَلَوْ بِتَمْرَةٍ ، فَإِنَّهَا تَسُدُّ مِنَ الْجَائِعِ ، وَتُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ ، كَمَا يُطْفِئُ الْمَاءُ النَّارَ "، واتا:ببەخشن گەر بەخورمایەکیش دەبێت، هەڵە دەکوژێنێتەوە هەروەك ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە.

"داووا مرضاكم بالصدقة" ،واتا: نەخۆشەکانتان بەبەخشین تیمارو چارەسەر بکەن.

---

[٢] – لەلایەن کاك زانا قەرەداغییەوە بەکوردیی کراوە و لەپرۆژەی نماوە چاپکراوە.

بێگومان ئەو پارەی کە ئێمە خاوەنین، سەروەتی خوایە خستوویەتییە دەست ئێمەوە تاوەکو تاقیمانبکاتەوە و ببینێ چی پێ دەکەین؟ پێویستە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیان بۆ شیبکەینەوە:

﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِى كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّا۟ئَةُ حَبَّةٍ ۗ وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾ ﴾ البقرة،

واتا: وێنەی(خێری)ئەوانەی کە ماڵی خۆیان بەخت دەکەن لەڕێ ی خوادا وەك دەنكێك(تۆو)وایە(ڕوابێت) و حەوت گوڵی گرتبێت لەهەر گوڵێك سەد دانەی تێدا بێت وە خوا لەمەش زیاتری دەکات بۆ هەر کەسێك کە خۆی بیەوێت وە خوا خاوەن بەهرەی فراوانی ئاگادارە.

بەخشینی پێ بدەین تاوەکو بەخۆی بیداتە کەسی هەژارو خاوەن پێداویستی، تاوەکو لەپاداشتدا هاوبەشییمان بکات و هەست بەچێژی بکات و لەسەری رابێت.

پێویستە فێری بکەین بەخشین تەنیا بەپارە نییە، بەڵکو بەبەرگ و پۆشاك و پێڵاو و کتێب و شیرینی و قاپ و کەرەستەی قوتابخانەشە، تاوەکو ئەو شتانەی تر کە لێمان زیادن و ڕەنگە هەژارەکان پێویستیان پێ بێت.

شیاوی باسکردنە، منداڵ لەکۆتایی ئەو قۆناغەدا زیاتر سوورترە لەسەر پاراستنی شتەکانی تایبەت بەخۆی و زۆرتر گرنگیی دەداتە کەشخەیی و جوانیی خۆی، ئەگەر ڕەتیکردەوە لەبەرگ و پێڵاوی ببەخشێ، با وازی

لێبهێنین خۆی چۆنی دەوێ، پێشنیاری بۆ بکەین لەیاری و کتێبەکانی ببەخشێ یان هەرشتێکی تر خۆی هەڵیبژێرێ، هەرگیز نابێ لەسەر بەخشین و هەرشتێکی تر ناچاری بکەین و زۆری لێ بکەین، با ئەم فەرمایشتەی خوای گەرەمان لەبیر بێ:" لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ".

ئەکرێ لەماڵدا سنوقی بەخشین تایبەت بکەین و دایك و باوك و منداڵەکان چی شتێکیان لێ زیاد بوو تێیبکەن، کە پڕ بوو رێکیبخەن و بیدەنە کەسی شایستە بەو شتانە.

پێویستە تێیبگەیەنین کە بەخشین،ماڵ و سەروەت دەپارێزێ لەبەلاو تیاچوون و خراپە، بەرەکەتی بۆ دەهێنێ و هۆکار دەبێ تاوەکو خوای گەورە باشترو چاکترو بەسوودتری بخاتە جێگە، بۆ ئەوەش دەقی جێگیر و ئەزموونی هەستپێکراوی زۆر هەیە بەڵگە لەسەر ئەوە بدەن، لەنمونەی دەقەکان، ئەم ئایەتەیە:﴿ وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَهُوَ يُخۡلِفُهُۥۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ٣٩ ﴾ سبأ، واتا: ئێوە هەر شتێك ببەخشن ئەوە خوا جێگەی پڕ دەکاتەوە وە ئەو (خوا)چاکترینی ڕۆزی دەرانە.

دەبێ بۆی باسبکەین کە بەخشین بۆ ئەوە نییە لەکەسی بەرانبەر چاوەڕێی بەرانبەر بکەی، بەڵکو ئەوە تێدەپەڕێنێ بۆ چاکترکردنی حاڵی ئەو کەسەی پێی بەخشراوە و خۆشیی خراوەتە دڵ و ناخۆشیی لەسەر لابراوە و هاوکاریی کراوەو دەبێ ئەمەی بۆ داپۆشرێت، کەسی بەخشەر پاداشتی هەموو ئەوانە لای خوای گەورە وەردەگرێت بەبەڵگەی فەرموودەی پەیامبەری ئازیز(ﷺ) کە فەرموویەتی:" مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ

الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ، وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ "،واتا:هەرکەسێك ناخۆشییەك لەسەر باوەڕدارێك لابدات، خوای گەورە ناخۆشییەکی رۆژی قیامەتی لەسەر لادەبات، هەرکەسێك کارئاسانییەك بۆ بارگرانێك بکات، ئەوە خوای گەورە لەدونیاو قیامەتدا ئاسانی بۆ دەکات، هەرکەسێ عەیبی موسڵمانێ دابپۆشێ، خوای گەورە لەدونیاو قیامەتدا عەیبی بۆ دادەپۆشێ، خوای گەورە لەهاوکاریی بەندەدایە تائەوەی بەندەکە لەهاوکاریی براکەیدابێ.

هەروەها فەرموویەتی:" مَنْ لَقِيَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ بِمَا يُحِبُّ لِيَسُرَّهُ بِذَلِكَ سَرَّهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ "، واتا: هەرکەسێ بەبرا موسڵمانەکەی بگات بەوجۆرەی حەز بکات خۆشحاڵی بکات، ئەوە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا خۆشحاڵی دەکات.

پەیامبەری خوا(ﷺ) روودانی ئەو حاڵەتەی بۆ باسکردووین و فەرموویەتی:" كَانَ تَاجِرٌ يُدَايِنُ النَّاسَ فَإِذَا رَأَى مُعْسِرًا قَالَ لِفِتْيَانِهِ تَجَاوَزُوا عَنْهُ لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَتَجَاوَزَ عَنَّا فَتَجَاوَزَ اللَّهُ عَنْهُ" وفي رواية لمسلم: "قال اللَّهُ – عَزَّ وَجَلَّ– نَحْنُ أَحَقُّ بِذَلِكَ مِنْهُ تَجَاوَزُوا عَنْهُ "،واتا: لەکۆندا بازرگانێك هەبوو قەرزی بەخەڵك دەدا، ئەگەر بیبینایە کەسێك ناتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، ئەوە بەمنداڵ و خزمەتکارەکانی دەوت:لێیخۆشبن بەڵکو خوای گەورە لێمانخۆش بێ، بەو هۆیەوە خوای گەورە لێیخۆشبوو....لەگێڕانەوەکەی

لای موسلیمیدا هاتووه که خوای گەورە فەرموویەتی:ئێمە بەو لێخۆشبوونە لەپێشترین، بۆیە لێیخۆشبن.

پێویستە نمونەی ئەم چیرۆکانەی خوارەوەیان بۆ بگێڕینەوە: فەرمایشتی پەیامبەری ئازیز(ﷺ) کە فەرموویەتی:"پیاوێك لەدەشتێکدا گوێ لەدەنگێك دەبێ لەناو هەوردا ئەڵێ:باخی فلأنە کەس ئاو بدە، هەورەکەش لاربویەوە و لەزەوییەکی بەردەلأنی رەشدا بارانی داکرد، دۆڵ و جۆگەیەك هەموو ئاوەکەی کۆکردەوەو لێزمەی کرد، ئەمیش بەسەر ئاوەکەدا رۆیشت تاوەکو دەبینێ پیاوێك ئاوەکە دەخاتەسەر کشتوکاڵییەکەی، پێیوت:ئەی بەندەی خوا ناوت چییە؟ ئەویش ناوی خۆی وت، هەمان ناو بوو کە لەنێو هەورەکە بیستبووی. کابرا وتی:بۆ لەناوم دەپرسی؟ وتی:من گوێم لەدەنگێك بوو لەنێو ئەو هەورەی وا ئەم ئاوەی ناردو وتی:باخ و کشتوکاڵی فلأن ئاودێر بکە، ئایە تۆ چی شتێك دەکەی بەم کشتوکاڵ و بەرهەمە؟

کابرای جوتیار وتی:بەرووبوومەکە دەکەمە سێ بەشەوە، بەشێکی دەکەمە خێرو بەشێکی بۆ خواردنی خۆم و ماڵ و منداڵم، لەگێڕانەوەیەکی تریشدا بەشێکی دادەنێم بۆ هەژارو خاوەن پێداویستییەکان.

چیرۆکی ئەو پیاوەی بەرگێکی تازە کڕی و کۆنەکەی کردە خێر، پاشان هەژارێك هات و کولێرەکەی لەدەست بوو پارچەیەك لەو کولێرەیەی پێ دا، پاشان نابینایەکی بینی کە رێگەی لێ وێڵ ببوو، لەگەڵیدا رۆیشت تاوەکو گەیاندییە جێگەی خۆی، کە مرد و بەپەروەردگاری گەیشتەوە، بەرگە

بەخشـراوەکەی بینی،بەحەسـرەتەوە وتی:خۆزگــە تازەکـەم دەبەخشـی، خۆزگە هەموو کولێرەکەم دەبەخشی، خۆزگە ڕێگەی نابیناکـە دوور دەبـوو تاوەکو پاداشتی زیاترم دەستبکەوتبایە.

***

چیرۆکی ئەو سێ پیاوە بەڵەك و کەچەڵ و نابینایـەی کـە خـوای گـەورە لەو نەخۆشییە ڕزگاری کردن و ڕۆزیی پێدان، پاشـان فـەزڵی خوایـان لـەبیر کردو لەوەیان نەبەخشی کە خـوای گـەورە پێـی بەخشـین، تـەنیا نابیناکـە نەبێ بەو هۆیەوە خوای گەورە لێی ڕازییبوو، لەو دووانەی تر توورە.

گـەر خۆشەویسـتیی بەخشـین لـەدڵ و دەروونـی منداڵـدا جێـی گـرت و بینیمان لەپارەی خۆی دەبەخشێ،دەبێ فێریـان بکـەین کـە خـوای گـەورە فەرزی کردووە بەسەر کەسی موسڵمانەوە بەڕێژەیەکی کـەمی پـارەو مـاڵی خـۆی بداتــە خــاوەن پێداویســتییان، ئــەو ڕێژەیــەش زۆر کــەمترە لــەو بەخششانەی کە دەیبەخشین، ئەو فەرزەش پێیدەوترێت زەکات، سەرپشك نین دەریدەکەین یاخود نە، تەنیا لەبەخشیندا سەرپشکییمان بۆ هەیە.

هـەروەك پێویسـتە منـداڵ فێـر بکـرێ، زەکـاتی هێـز ئەوەیـە یارمـەتیی هەژاران بدرێت، زەکاتی زانستیش ئەوەیە نەزانـەکان فێـر بکـەین، زەکـاتی لەشساغییش سـەردانیکردنی نـەخۆش و بـەجێهێنانی پێداویسـتییەکانیانە، لەعبداللــەی کــوڕی عومــەرەوە(خوای گــەورە لــەخۆی و بــاوکی ڕازیــی بێ):"پیاوێـك هاتـەلای پەیامبـەر(ﷺ) و وتی:ئـەی پەیامبـەری خـوا چـی کەسێك لای خوای گـەورە خۆشەویسـترینە؟ چـی کاروکردەوەیـەکیش لای

خوای گەورە خۆشەویسترینە؟ پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی:"خۆشەویسترینی نێو خەڵك لای خوای گەورە، ئەوەیانە کە سوودی زیاترە بۆیان، خۆشەویسترین کاروکردەوەیەکیش لای خوای گەورە، ئەوەیە خۆشیی بخەیتە دڵی موسڵمانێك یان ناخۆشییەکی لەسەر لابدەی یان قەرزێکی لەسەر لابدەیت یان برسێتییەکی لەسەر نەهێڵی، گەر بڕۆم بۆ جێبەجێکردنی کارو پێویستیی برایەکم، بەلامەوە خۆشەویسترە لەوەی لەم مزگەوتەمدا مانگێ ئیعتیکاف بکەم ، هەرکەسێ تووڕەیی خۆی لابدات، ئەوە خوای گەورە عەیبی دادەپۆشێ، هەرکەسێ تووڕەیی خۆی بخواتەوە لەکاتێکدا توانای بەجێگەیاندنی تووڕەییەکەی هەبووبێ، ئەوە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا پڕ دڵی ئومێد دەکات، هەرکەسێ لەگەڵ برایەکیدا بڕوات بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکی تاوەکو بۆی دامەزراوی بکات، ئەوە خوای گەورە پێیەکانی دامەزراو دەکات لەو رۆژەدا کە پێیەکان دێنە لەرزین، رەوشتی خراپ کاروکردەوە خراپ دەکات و دەشێوێنێ، هەروەك خەڵ هەنگوین دەشێوێنێ"راستی فەرمووە پەیامبەری ئازیز(ﷺ).

٤- رۆژوو:

ئیسلام فەرزی کردووە لەتەمەنی حەوت ساڵیی تاوەکو دە ساڵیی منداڵ فێری نوێژ بکرێت، سەبارەت بەڕۆژووگرتن، ئەوە لەنوێژ گرانترە بەسەر دەروونی منداڵەوە، بەڵام هەندێجار لای ئەو منداڵە تەمبەڵانەی لەنانخواردن دووردەگرن، رۆژووگرتن لەنوێژ کردن ئاسانترە! !کێشەی بەڕۆژووبوون لای

منـــدالّی بخـــۆر هەیـــە، بۆیـــە ئـــەرکی ئێمەیـــە فێـــری فەرموودەکـــەی پەیامبەر(ﷺ)یان بکەین:"ئێمە قەومێکین ناخۆین تاوەکو برسیی نەبین، گەر نانیش بخۆین ناهێڵین تێربین" هاوکاریان بین بۆ جێبەجێکردنی ئەو سوونەتەو کارئاسانیکردن بۆیان تاوەکو بەپلە بەڕۆژووبوونیان لا ئاسان بێ، پاشان تاوەکو لەداهاتوودا لەنەخۆشیی بیانپارێزێ.

بەشێوەیەکی گشتی، پێویستە بەپلە لەسەر ڕۆژووگرتن رایانبهێنین و بەپێی دۆخی لەشساغیی منداڵەکە، بۆ نمونە لە مانگی رەمەزانی هەموو ساڵێکدا منداڵ دایک و باوك و کەسە گەورەکان لەخزم و کەسوکارو هاوسێکان و مامۆستایان دەبینێ بەڕۆژوون، ئەمیش حەز دەکات لاساییان بکاتەوە، بۆیە دەبێ هاوکارو یارمەتیدەریان بین بۆ ئەو کارە و ئەو هەڵە بقۆزینەوە و بهێڵین بۆ دوو کاتژمێرێك بۆ نمونە بەڕۆژووبن،پاشان بەپێی توانای منداڵەکە کاتژمێرەکان زیاتر بکەین، ئەگەر حەزی بەخواردن کرد، وازی لێبهێنین تاوەکو هەست بەوە بکات کارەکە تایبەتە بەخۆیەوە و لەنێوان خۆی و پەروەرگارییدایە، نابێ ترسی لاوازبوونی لێ بکەین، چونکە مانگی رەمەزان وەك گوڵاوێکە خێرا بەسەردەچێ. ئەگەر منداڵەکە زۆر برسیی بوو، ئەوە لەبەردەم دوو کاردایە:

یان دەبێ خواردن بخوات لەبەرئەوەی توانای برسیبوونەکەی نییە و بەوە دڵئارام دەبین بەرانبەری.

یان خۆڕابگرێ و بەربەرەکانێی برسێتیی بکات و بەوەش رادێت لەسەر جەنگکردنی دەروون و ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە، بەوە زیاتر لەسەری دڵئارام دەبین!

نابێ پاداشتکردنی لەبیر بکەین کە بەسەرکەوتنەوە ماوەیەکی بەڕۆژووبوونی تێپەڕاندووە، بۆ نمونە ئەکرێ پارەی خەرجیی زیاتری پێ بدرێت یان دایك پێی بڵێ:من بە تۆوە شانازیی دەکەم، تۆ ئێستا وەك گەورەیەکی دەتوانی بەربەرەکانێی دەروونت بکەی لەبرسی و تینووبووندا.

ئەگەر مانگی رەمەزان کەوتە رۆژانی خوێندنگاوە، دەکرێ ئەو منداڵەی لەقۆناغی راهێنانداییە بۆ بەڕۆژووبوون تەنیا کاتەکانی قوتابخانە بەڕۆژووببێ،لەماڵدا بەڕۆژوو نەبێ، یان لەکاتی بوونی لەماڵدا هیچ نەخوات و نەخواتەوەو لەخوێندنگادا شت بخوات تاوەکو رۆژەکەی تەواو دەکات، بەتایبەت هەندێ قوتابخانە لەمانگی رەمەزاندا کاتەکانی دەوام کەم دەکەنەوە.

دەبێ بیرمان بێ کە داهاتووی راستەقینەی منداڵەکە بریتییە لەئاخیرەت، بۆیە دەبێ باش ئامادەی بکەین و ترسی سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەمان لەسەریان هەبێ زیاتر لەترسی لاوازکەوتن و کەمتەرخەمییان لەخوێندن.

٥- حەجکردن:

یەکێك لەوانەی دەروونی منداڵ رادەهێنێ بۆ خۆشویستنی حەج و تامەزرۆبوون، ئەوەیە لەگەڵ خۆماندا گەشتێکی عەمرەیان پێ بکەین دوای

ئەوەی باسی هەستی مرۆڤی موسڵمانی بۆ بکەین، کە لەو شوێنەدا چی هەستێکیان بۆ دروست دەبێ و خوای گەورە چەندە ڕێز لەمیوانانی خۆی دەگرێ، ئەو سۆزو بەزەییانەش کە لەکەعبەدا هەیە و قبوڵکردنی پاڕانەوە لەو دەورووبەرەو چێژو خۆشیی بینینی مزگەوتی پەیامبەری خوا(ﷺ) و مانەوە لەڕەوزەی پیرۆز....گرنگتر لەوانە کە ببینێ دایك و باوکی چەندە تامەزرۆی ئەو گەشتەن و قسەو باسیان لەو بارەوە ببیستێتەوە و خۆشحاڵبن پێی.

دواتر دەتوانین پێی رابگەیەنین کە حەج وێنەیەکی گەورە کراوی عەمرەیە، خوای گەورە یەکجار لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێو مێ فەرزی کردووە، فەرزی کردووە لەسەر هەر کەسێك لەتوانایدا هەبێ و باڵغ و عاقڵ بێ ئەنجامی بدات، توانای دارایی هەبێ و لەشساغ بێ، ڕێگەی گەشتی حەج سەلامەت بێ.

حەج و عەمرە هەژاریی و تاوان ناهێڵن. شێخی شەعراویی بەڕەحمەت بێ لەو بارەیەوە قسەیەکی هەیە ئەڵێ:"نابێ مرۆڤی موسڵمان دەستبلاو و خۆش بژێ و دواتر بڵێ من لەڕووی ماددیەوە توانای حەجم نییە، بۆیە فەرز نییە لەسەرم حەج بکەم. بەوانە ئەڵێم، توانای مادیی واتا ئەوەی لەپێویستییە بنەڕەتییەکانت زیاتر بێ.

دووەم: ئیسلام وەك بەرنامەو هەڵسوکەوت:

ئەکرێ لەو قۆناغەدا فێری ئەدەب و هەڵسوکوتی ئیسلامیان بکەین، لەڕێگەی هەندێ کاسێتەوە کە باس لەسەربووردەی کەسە موسڵمانەکان

دەكات لەخێرو چاكەكارییدا، هـەروەك دەكـرێ فێـری ویردەكانیـان بكـەین لەنمونەی ویردی بەیانیان:" أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ لِلّه وَالْحَمْدُ لِلّه"،هەروەها ویردی ئێواران:" أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّـه وَالْحَمْدُ لِلَّـه "هـەروەها:" أَعُـوذُ بِكَلِمَـاتِ اللَّـهِ التَّامَّـاتِ مِـنْ شَـرِّ مَـا خَلَـقَ "،فێری(بسـم الله) و (الحمـدلله) و خوێندنی ئایەتولكورسییان بكەین لەپێش خەوتن و لەشەودا، دەبێ هانیـان بدەین بۆ گوێڕایەڵیی خوای گەورەو وەرزش كردن و مەلەوانی و تیرهاوێشتن و ئەسپ سواریی كە پەیامبەری خوا(ﷺ) و پێشـەوا عومـەر هانـدانیان بـۆ كردووە.

## قۆناغی یانزه بۆ چوارده ساڵیی:

لەم قۆناغەدا ڕێنمایی و ئامۆژگاریی بێ سوود دەبێ گەر وەك هاوڕێی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەین و بەئارام و بەئامانج گفتوگۆیان لەگەڵدا نەکەین، هەروەها بەسوود وەرگرتن لەو دانیشتنە بەکۆمەڵانەی هاوڕێ و خزمانی تێدایە، لەو ڕێگەیەوە دەبێ پێنج پایەکەی ئیسلامیان بۆ ڕوونبکەینەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

(شایەتومان)یەکتاپەرستیی:(سەرەتای ڕێگەو بەدەمەوەچوونی داوای خوای گەورەیە)،باوەڕهێنان بە(الله)ی بێ هاوبەش(مرۆڤ بەخواوە بوونی هەیە، بەبێ خوای گەورە بوونی نابێ...یان بەدەستەواژەیەکی تر مرۆڤ خاڵی سفرەو یەکسان بەهیچ نییە، هەموو خەڵکیی سفرن با ژمارەشیان زۆربێ، بەبێ بوونی خوا هیچ واتایەکیان نییە، بەڵکو بەهاوکاریی خوای گەورە بەهاو نرخیان هەیە).

هەروەك دەبێ منداڵ بزانێ، موسڵمان باوەڕی بەبوونی فریشتەکانە کە سەربازانی خوای گەورەن و بێ هیچ سەرپێچییەك فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، شەو و ڕۆژ بەبێ ماندووبوون پاك و بێگەرد رایدەگرن، باوەڕی بەو کتێبە ئاسمانیانە هەیە کە بۆ سەر پەیامبەرانی خۆی دایبەزاندووە وەك دەستپێکێك بۆ دابەزاندنی قورئان، ئەو قورئانەی مرۆڤەکان لەبەردەمیدا دەستەوەستانن، هەموو پەیامبەران برای یەك و بەندەی خوان، خوای گەورە ناردوونی بۆ دەرکردنی خەڵکیی لەگومڕاییەکانەوە بۆ ڕووناکی.

دەبێ مرۆڤی موسڵمان بەقەدەری خوای گەورە ڕازیی بێ گەر خراپیش دەرکەوت، جاری واهەیە مرۆڤ ڕقی لەشتێکە کەچی خێری تێدایە و بۆ

ئەوەش نمونەی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانی بۆ بهێنینەوە، بۆیانی روونبکەینەوە کە خوای گەورە ئارامگرانی خۆشدەوێ و لەگەڵیاندایە، ئەو ئارامگرانەش بەبێ لێپرسینەوە لەڕۆژی قیامەتدا پاداشتی خۆیان وەردەگرن.

٢- نوێژ:

دەبێ منداڵ بفامێ کە نوێژ تەنیا ئاوکردنەسەر ئەندامەکانی جەستە نییەو چەند جوڵەیەك دووبارە بکاتەوە و ڕۆژانە چەند ئایەتێك دووبارە بخوێنێتەوە، چونکە بە بەردەوامبوونیان بەو ڕێگەیە خێرا تووشی بێزاریی دەبن، پەنا بەخوا رقیان لێی دەبێتەوە...بەڵکو پێویستە فێر بکرێن کە لەگەڵ پەروەرگاری مەزندا دەدوێن، لەگەڵ خوای لێبووردەی خاوەن عەرشی مەزن، ئەو خوایەی هەرشتێکی بووێ ئەنجامی دەدات.

دەبێ فێر بکرێن ئەوەی پارێزگاریی لەنوێژو کات و دەستنوێژ و پایەکانی نەکات، ئەوە بەکۆدەنگی زانایان سزای قیامەتی لەسەر هەیە...ئەوەشی پارێزگاریی لەدەستنوێژو کاتی نوێژو پایەکانی دەکات بەبێ ئامادەیی بیرو روح، ئەوەش لێپرسینەوەی لەسەر هەیە....ئەوەی پارێزگاریی لەکات و دەستنوێژو پایە دیارەکانی دەکات و شەڕی شەیتان دەکات و هەندێجار سەهو دەکات، شەیتان وەسوەسەی بۆ دروست دەکات هەندێجار، ئەوە پاداشتی گەورەی هەیە، ئەو بەربەرەکانێی شەیتان دەکات.

ئەوەشی پارێزگاریی لەکات و دەستنوێژو پایە دیارەکان و خشوعی نوێژ دەکات، ئەوە پاداشتێکی گەورەی هەیەو کەسانی دەگمەنن.

ئەوەی پارێزگاریی کات و دەستنوێژو پایە دیارەکانی دەکات و دڵی بۆ خوا داناوە و رادەستی خوای کردووە، ئەوە بەرزترین پلەی هەیە.

نوێژکردن لەمزگەوت:

پێویستە ئەم ئایەتەی خوای گەورەیان بۆ شیبکەینەوە: ﴿ فِي بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرۡفَعَ وَيُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ ٣٦ ﴾ النور، واتا: لەمزگەوتانێکدا خوا مۆڵەتی داوە کە بەگەورە و پاك ڕاگیرێ(بەرزو بڵند دروست کرێت)زیکرو یادی خوا تێدا بکرێ لەو(مزگەوتانە)دا تەسبیحاتی خوا دەکەن بە بەیانیان و ئێوارااندا.

ئەوەی بۆ روونبکەینەوە کە هەرکەسێ لەمزگەوتدا نوێژ بکات، ئەوە سەردانی خوای گەورەی کردووە لەماڵەکەی خۆیدا، دەبێ سەردانیکراو رێز لەسەردانیکەرەکەی بگرێت، ئەی چی گەر سەردانیکراو بەڕێزو بەخشندەو باشترین رۆزیدەر بێ، ئەوە چی سەردانییەکی جوان و چی پاداشتێکی مەزنی هەیە!!

دەبێ لەڕێگەی فەرموودەکانی پەیامبەرەوە(ﷺ) حەزی چوونە مزگەوتیان بۆ دروست بکەین، پەیامبەر(ﷺ) فەرموویەتی: "مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ، ثُمَّ مَضَى إلى بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ ، لِيَقْضِي فَرِيضَةً مِنْ فَرَائِضِ اللَّهِ ، كَانَتْ خُطُواتُهُ ، إحْدَاهَا تَحُطُّ خَطِيئَةً ، وَالأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً"، واتا: هەرکەسێ لەماڵی خۆیدا تەهارەت بکات و دەستنوێژێ بشوات و بڕوات بۆ ماڵێك لەماڵەکانی خوای گەورە تاوەکو فەرزێك لەفەرزەکانی خوای گەورە بەجێبگەیەنێ، ئەوە لەهەر هەنگاوێکدا ناوێتی تاوانێکی لەسەر دەسڕدرێتەوەو پلەیەکیش بەرز دەبێتەوە.

٣- ڕۆژوو: لـەم قۆناغـەدا منـداڵ بـەتوانا دەبـێ لەسـەر تـەواوکردنی ڕۆژەکەی و هەڵگرتنی باری برسـی و تینـوێتی، بۆیـە دەبـێ بەتێگەیشـتنی روحـی ڕۆژوو لەقۆناغەکـەی پێشـتر پێشـبکەوێ و تێبگـات بـۆ سـزادانی موسـڵمانان فـەرز نـەکراوە، بـەڵکو یـەکێك لەئامانجـەکانی بـەڕۆژووبوون، تێگەیشتن و هەستکردنە بەبرسیبوونی هەژاران و ڕاهێنانی دەروونە لەسـەر خۆڕاگرتن و قبوڵکردنی سەختی و ڕاهێنانی روحـە لەسـەر گوێڕایـەڵیکردنی خوای گەورە و کەمکردنەوەی خۆراکی جەسـتە و گەیشـتنی موسـڵمانە بـە لەخواترسان لەنهێنی و ئاشکرادا، هەروەك دەبێ فێربێـت، کـە ڕۆژووگـرتن واتا جڵەوکردنی زمان و ئەندامەکانی تری جەستە لـەئازاردانی ئـەوانی تـر و چاوداخستن بەرانبەر ئەو شتانەی تەماشاکردنیان تاوانە، هەروەها پاداشتی ڕۆژووگران بێ سنوورەو تەنیا خوای گەورە ئەندازەکـەی دەزانێـت، چـونکە ڕۆژووگرتن پەرستشـێکی تایبـەت بـەخوای گەورەیـەو تـەنیا خـوای گـەورە ئەندازەی ڕاستگۆیی و نییەتی بەندەی لەبارەوە دەزانێ.

٤- زەکاتدان: لەم قۆناغەدا دەبێ ئەم ئایەتـەی بەسـەردا بخـوێنین کـە کێن ئەوانەی پشکی زەکاتیان بەردەکەوێت:

﴿ ۞ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠ ﴾ التوبة،

واتا: بەڕاستی خێرەکان تەنها بۆ بێ نەوایان و هەژاران و کرێکارانێك کە بەسـەریەوەن(کۆی دەکەنـەوە)وە ئەوانـەی دڵیـان دائـەهێنرێ(بۆ

خۆشویستنی ئیسلام)وه بۆ ئازادکردنی بەندەو کۆیلـەکان و بـۆ قـەرزاران و لـەڕێ ی(بـەهێزکردنی ئـایینی)خوادا و بـۆ ڕێبـواران ئەمـە پێویسـت کـراوه لەلایەن خواوه وه خوا زانای کاردروستە.

دەبێ ئەوەشی فێر بکـەین کـە خـەرجکردن لەسـەر کەسـوکارو هاوسـێ ماڵ، باشترین و چاکترین پاداشتی هەیە بەراورد بەبەخشین بەسـەر ئـەوانی تر، پەیامبەری ئازیز(ﷺ) فەرموویەتی:( إِنَّ الصَّدَقَةَ عَلَى المِسْكِينِ صَدَقَةٌ، وَعَلَى ذِي الرَّحِمِ اثْنَتَانِ“ صَدَقَةٌ وَصِلَةٌ )، واتا:خێرکردن بەسەر هـەژاردا یـەك سەدەقەیە(چاکەیە)، بەسەر خزم و کەسوکاردا دووانە:سـەدەقەو گەیانـدنی پەیوەندیی خزمایەتییە.

دەبـێ راڤـەی ئـەم ئایەتـەیان بـۆ شـیبکەینەوه کـە خـوای گـەوره دەفـــەرموێت:﴿ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ مِنۡهُ تُنفِقُونَ وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ ﴾ البقرة: ٢٦٧، واتـا: ئـەو شـتە خراپـە وەرناگرن(ئەگـەر بتـان درێتێ)مەگەر چاوی لێ بپۆشن.

پـێش ئـەوەی چـاکەکە بکەوێتـە دەسـت هەژارەکـە دەکەوێتـە دەسـتی پـەروەردگارەوە، بۆیـە دایکـە عائیشـە(خوای لـێ رازیـی بـێ)پێش ئـەوەی بیبەخشێ درهەمەکانی بۆنخۆش دەکرد.

٥- حەج کردن:

لـەم قۆناغـەدا منـداڵ دەتـوانێ حیکمـەتی حـەج کـردن تێبگات،حـەج کـۆنگرەی گـەورەی موسـڵمانانە کـە لەتـەواوی شـوێنەکانی زەوییـەوه موسڵمانەکان کۆدەکاتەوه بەجیاوازیی رەنگ و رەگـەزو زمانیانـەوه، تـەنیا

یەکتاپەرستی و دڵسۆزیی خوای گەورەیان بۆ دەمێنێتەوە بێ ماڵ و کەسوکارو منداڵ، تێکەڵی یەکتر دەبن و هاوکاریی یەکتر دەکەن و مافی ئەوی تر بەسەر خۆیاندا دەدەن و دەزانن هەموویان لەئاییني خوادا بران.

گەشتی رووکردنە خوایە بەتاك و تەنیایی و بەدەروون و دڵ و هەستەکان، سەرەتای پەیمان و بەڵێنی نوێیە لەگەڵ خوای خاوەن هەردوو جیهان، گەشتی راگەیاندنی رەتکردنەوەی شەیتان و بەرنامەو هەنگاوەکانێتی، دەربڕینێکی کردەیی و راگەیاندنی سەرەتای ژیانێکی نوێی رێگەی راستی و ملکەچکردنی رەهایە بۆ خوای گەورە...رێزو گەورەییەکە هاوشێوەی نییە، بەدەمەوەچوونی بانگەوازی خوا، شەرەف و رێزێکی خوای گەورەیە بۆ حاجی،حەج جیهادی ئافرەتانە.

دەکرێ لەم قۆناغەدا تێیانبگەیەنین لەبارەی رەوشتی زیاتری ئیسلام، لەوانە ئەو فەرموودەیەی کە بەرنامەی گشتگیری ئیسلامە:" اتّقِ اللهَ حيثُ كنتَ وأتبِعِ السيئةَ الحسنةَ تَمْحُهَا وخالِقِ الناسَ بخُلُقٍ حسنٍ"،واتا:لەهەر شوێنێك بووی لەخوا بترسی و بەدوای خراپەدا چاکە بهێنە خراپەکەت بۆ دەسڕێتەوە و بەڕەوشتی جوان لەگەڵ خەڵکییدا هەڵسوکەوت بکە.

ئەم فەرموودەیە سەرەتا پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ پەروەردگاری دەستنیشان دەکات، لەنهێنی و ئاشکرادا ترس بخەرە نێوان خۆت و پەروەردگارتەوە، ئەگەر لەشوێنێکدا کەسێ تۆی نەبینی، بزانە خوای گەورە لەهەموو شوێنێکدا تۆ دەبینێ، پاشان پەیوەندییت لەگەڵ خۆتدا دیاریی دەکات:واتا ئەگەر کەوتیتە تاوانێکەوە دەرهەق بەخۆت رەق مەبە،

با تاوانەکەش گەورە بێ،چونکە تۆ مرۆڤی و هەموو مرۆڤێکیش تاوان دەکات، باشترینی تاوانکاران ئەوەیانە کە تەوبە دەکات، وریابە گەور وەها گومان ببەی تاوانەکەت لەلێبووردەیی خوای گەورە گەورەتر بێ،بەڵکو بێ ئومێد مەبەو پەلە بکە بۆ داوای لێخۆشبوون و کاری چاکە پێش ئەوەی شەیتان و هاوکارەکانی پێت بگەن و رێگرییت لێ بکەن لەرێبازی خوای گەورە،پاشان بەرەوشتی پەیامبەرە بەرێزەکەت لەگەڵ خەڵکییدا هەڵسوکەوت بکە، ئەو پەیامبەرەی دوژمنانیشی خۆشیان دەویست و پێش دۆستەکانی شایەتیی رەوشت جوانیی بۆ دەدەن و بۆ ئێمەش بووەتە پێشەنگ.

شتێکی بەسوودەناملکە گەلێکیان بۆ بکەینە دیاریی کە تایبەت بن بەخەو و هەڵسان و نانخواردن و چوونە سەر ئاو و دەرچوون لەسەرئاو و چوونە ماڵ و مزگەوت.....هتد...یان لەشوێنی جیاوازی ماڵ ئەو دوعایانەیان بۆ هەڵبواسین تاوەکو لەبەری بکەن.

## قۆناغی پانزە تاوەکو هەژدەساڵیی:

لەم قۆناغەدا پێویستە رۆڵەکانمان بەباشە ئاراستە بکەین رووەو:

* شایەتیدانی یەکتاپەرستیی بەدڵ و بەزمان، رەنگە مرۆڤی موسڵمان بەزمان شایەتومان بهێنێ، بەڵام سەروەت و سامانی یان رۆڵەکەی یان هاوسەرکەی یان هەواو ئارەزووی یان زانست و مۆدێلەکەی یان خەڵکیی تا ئەو شتانەی تر بکاتە هاوبەش بۆ خوای گەورە، ئەوەش بەوەی یەکێك لەو شتانەی لەخوای گەورە خۆشەویستر بووبێ،یان پێشیبخات بەسەر فەرمان و نەهییەکانی خوای گەورە، بۆیە پێویستە بەیارمەتیدانی دایك و باوکی یان پەروەردەکارانی لەسەر دڵسۆزبوون بۆ خوای گەورە لەقسەو کردار رایبهێنن و بزانێ هەموو شتێکی جگە لەخوا پووچەڵە، پێویستە خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا پێشبخات.

ئەکرێت لەگەڵیدا هەندێ واتای ئایەتولکورسیی بۆ شیبکەینەوە کە بەپوختترین شێوە بنەماکانی یەکتاپەرستیی کۆکردووەتەوە، تێکڕای ئایەتەکە واتایەکی گەیەنەریان هەیە، هەروەك دکتۆر موحەممەد بەکر ئیسماعیل ئەڵێ:"الله پەرستراوی بەحەقە و جگە ئەو هیچ پەرستراوێکی تر بوونی نییە، ئەو زیندووە سەرمەدییەیە کە کەس لەو ژیانەدا هاوبەشی نییە، بەڕێوەبەری ئەو کارو بارەیە کە بەزانستی خۆی و ئیرادەی تەواوی خۆی گەردوون بەڕێوە دەبات، توانای زاڵە،کاری پەرستراوی بەحەق ئەوەیە پێداویستییەکانی بەندەکانی بەجێبهێنێ و کاروباریان راپەڕێنێت.

شتێکی مەنتقییە، ئەو پەرستراوە راستەقینەیەی کە کاروباری گەردوون بەڕێوە دەبات بێ ئاگایی بەسەر نایەت و خەو نایباتـەوە، ئـەوەش لەلایـەن خۆیەوە جەختکراوەتەوە کە هەموو شتێك رادەپەڕێنێ و هـەموو شـتێکیش بەوەوە راوەستاوە.

هێنانە کایەو دروسـتکردن و بـەڕێوەبردنی ئـەم گەردوونـە هـەمووی لای ئەوە، کـەس لـەوەدا رکەبـەریی ناکـات، هـەموو موڵـك و درەسـتکراوەکانی بەندەی ئەون و بەدەست ئەون و بڕیاری ئەویان لەسەرە.

کاروباری بەنـدەکان بەدەسـتی خۆیـەتی بەتـەنیا، بـەبێ مۆڵـەتی خـۆی کەس بۆی نییە تکا بکات، هەموو بەندەکان لەقیامەتدا لەشوێنی بەندەییدا رادەوەستن، شوێنی ملکەچی و کزۆڵی و داننانی رەهایە بەدەسـەڵاتی خـوا بەسەر بەندەکانیدا، تەنیا بەپێی لەخواترسـان گـەورەییان بەسـەر یـەکتردا هەیە، بەپێی تەرازووی وردو رێکی خوای گەورە.

ئەو زانایەیە کە شتە شاراوەکانی دڵ و ویژدانەکانی لێ ون نـابێ، بـەڵکو ئـەو شـتەی نـاو دڵیـان ئاگـادارە کـە بەنـدەکان خۆیـان پێـی نـازانن، ئـەو زانستەش بەندەکان بەویستی خـوای گـەورە لـەبارەی خۆیانـەوە دەیـزانن، هیچ کەسێك بانگەشەی ئەوە ناکات بەزانستی دەستهاتی خۆی بـەهرەکانی دەستخستبێ، هەرچی کورسیی خوای گەورەیە، ئەوە خـوای گـەورە خـۆی شێوەی دەزانێت.

دەبێ بۆیانی روونبکەینەوە کـە خـوای گـەورە رۆزی و فـەزڵ و بـەزەیی خۆی بۆ بەندەکانی دەکاتـەوەو هەنـدێجاریش لێیـانی دەگرێتـەوە، حـاڵ و

بارەکـان دەگۆڕێـت تـاوەکو بەنـدە لـەخۆبایی نـەبێ و لەپـەروەردگاری دووربکەوێتەوەو دڵی بداتە دونیا.

هـەروەك دەکـرێ کتێبیـان بـەدیاریی پـێ بـدەین لـەبارەی بیروبـاوەڕی دروستی ئیسلامەوە، دوور لەهاوبەش بڕیاردان.

* نوێـژکردن لەمزگـەوت بـۆ پیـاوان سـووننەتێکی موئەکەدەیـە، بـەڵام ئافرەتـان تـاوەکو پێیـان دەکـرێ دەبـێ لەماڵـەوە نوێـژ ئـەنجام بـدەن، زەکاتیش فەرزە بەسەر هـەموو موسـڵمانێکەوەو سەرپشـکییان لـەوەدا بـۆ نییە، دەبـێ ورد بیـژمێرن و بەسـەروەتی خێـرو سـەدەقە تێکـەڵی نـەکات، دەبێ بەسەر ئەوانەدا دابەشی بکات کە پێویستە بەسەریاندا دابەشی بکات.

زەکـات دڵ و دەروون لەچـرووکیی پـاك دەکاتـەوە، هـەروەك سـەروەت لەشـتی گومانـاویی پـاك دەکاتـەوە، بـاوەڕدار پـاك رادەگرێـت و حاڵەتـە ئیمانییەکەی بۆ زیاتر دەکات و لای پەروەردگاری پلەی بەرزتر دەکاتـەوە، دەبێ جۆری زەکاتیش بزانێ و بزانێ چی شتێك زەکات دەیگرێتەوە.

*رۆژووگرتن تـەنیا خۆگرتنـەوە نییـە لـەخواردن و خواردنـەوە، بـەڵکو پابەندییەکـە لەخواترسـان دروسـت دەکـات، بەخشـشـێکی خـوای گـەورەو بەخشندەیە و نابێ لەدەستی بدەین.

ئەکرێ لەگەڵیدا گوێ لەوانەیەك بگرین کـە چـۆن پێشـوازیی لەڕەمـەزان بکەین.

هەرکەسێ دەستبەرداری فەرزی حەج بێ و توانای ئەنجامـدانی بـووبێ، ئەوە کارێکی بێباوەڕیانـەی کـردووە بەبەڵگـەی ئایـەتی:﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلْعَٰلَمِينَ ٩٧ ﴾ آل عمـران:

٩٧، واتا:بۆ خودا هەیە بەسەر ئادەمی یەوە حەج کردنی ئەو ماڵە هەر کەسێك توانای گەیشتنی(ڕۆیشتنی)هەبێت بۆی وە هەر کەس باوەڕی نەبێ)(یان توانای هەبێت و نەچێت)ئەوە بە ڕاستی خوا بێ نیازە لەهەموو جیهانیان.

بەو کارە پایەیەکی بەهێزی پایەکانی ئایینەکەی وێران کردووە،سەعیدی کوڕی جوبەیر کە زاناو شەرعناسێکی گەورەی پێشینە وتوویەتی:گەر زانیبێتم لەو شارەی تیایدا دەژیم دەوڵەمەندێك هەیەو توانیوێتی حەج بکات و نەیکردبێ، کە مردبێ نوێژم لەسەر تەرمەکەی نەکردووە!

لەحەجدا هەستکردنێکی راستەقینە هەیە بەبینینی دیمەنێکی ڕۆژی قیامەت لەڕووی قەرەباڵغییەکی سەخت و ئەو بەرگ و پۆشاکەی کە لێکچووی کفنە، بانگکردن لەحەجدا لێکچووی فووکردنە بەصوردا، هەموو لەترس و ئومێدی لێخۆشبوونی خوای گەورەدان، ئەی چۆن وانابێ، خوای گەورە لەسەرەتای سورەتی حەجدا فەرموویەتی:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمۡۚ إِنَّ زَلۡزَلَةَ ٱلسَّاعَةِ شَيۡءٌ عَظِيمٞ ١ ﴾ الحج: ١، واتا: ئەی خەڵکینە بترسن لە(سزای)پەروەردگارتان چونکە بەڕاستی بوومەلەرزەی قیامەت هەستان شتێکی زۆر گەورەیە، کارەساتێکی سامناکە.

بێگومان حەج وێنەیەکی بچووککراوەی ئەو ڕۆژە سەختەیە.

حەج راهێنانی باوەڕدارە لەسەر جیهاد و تێکۆشان و بەردەوامبوون لەسەر دەستخستنی رازیبوونی خوای گەورە، ئەو لەخۆشییەکانی ماڵ و وڵاتی خۆی دادەڕنێت.

بەهێزکردنی پەیوەندی و یەکبوونی نێوان موسڵمانانە بەجیاوازیی رەگەز و رەنگیانەوە، ئاماژەیەکیشە کە دوای حەج دەبێ ئەو یەکبوونە بەردەوام بێ.

حەج پەروەردەکردنێکی ئەخلاقیی مەزنە، حاجیی تاوان و مشتومڕو هاوارو هەوڵی سەرخستنی خۆی نادات و درۆ ناکات، تاوەکو ئەو رەوشتە مەزنانەی تر.

لەم قۆناغەدا دەبێ منداڵ فێری ویردی بەیانیان و ئێواران ببێ کە لەسوونەتی پەیامبەرەوە وەرگیراون و قەڵغانێکیشە بۆی لەشەیتان و دۆزەخ، ئەکرێ نامیلکەی(قەڵای موسڵمان)ی پێ بەدیاریی بدرێت. هانیشی بدەین ئەو نامیلکەیە بەهاوڕێ و ناسراوەکانی بدات تاوەکو پاداشت وەدەستبهێنێ.

فێری خۆشویستنی خوای گەورە و پەیامبەرەکەی بکەین، پێشەوا ئیبن تەیمییە وتوویەتی:"هەزارانی خەڵکی دونیا لەدونیا دەرچوون بێ ئەوەی چێژی خۆشترین شتی بکەن، وترا:چی شتێك خۆشترین شتی دونیایە؟ ئەویش وتی:خۆشویستنی خوای گەورە.

لەنمونەی خۆشەویستانی راستەقینە و سەرڕاستانەی خوای گەورە، ئیبن قەییم بەڕەحمەت بێ ئەڵێ:"لەدڵدا پەرتبوونێك هەیە تەنیا بەڕۆیشتن بەرەو لای خوای گەورە سارێژ دەبێ، ترسێك هەیە تەنیا بەدۆستایەتیکردن و خۆشویستنی خوای گەورە و هەڵهاتن بەرەو لای دەڕەوێتەوە.

ڕێگەی زۆر هەیە هەر لەمنداڵییدا خۆشویستنی خـوای گـەورەیان لەدڵـدا بۆ بچێنین، دەکرێ لەڕێگەی کتێبی (چۆن خـوای گـەورە لای منداڵـەکانمان خۆشەویست بکەین؟) خوای گەورەیان لا خۆشەویست بکەین.

## چاکەکاریی لەگەڵ دایك و باوك

پێویستە منداڵ فەزڵ و گەورەیی دایك و باوکی بزانێ، ئەو قۆناغانەش کە لەتەمەندا تێیپەڕاندووە، لەکۆرپەیی و لەدایکبوون و شیرەخۆریی، ئەوەش لەڕێگەی چیرۆکی تامەزرۆییکەر و بینینی منداڵانی خزم و هاوسێ و ئەوانی تر.

هەروەك دەکرێ هاوکاریی بکەین بۆ ئەو کارە، ئەوەش لەڕێگەی چاکەکارییمان لەگەڵ دایك و باوکمان و ڕێزگرتنیان و بەسۆزبوون بەرانبەریان و هەستکردن بەئارامیی لەگەڵیان، بەوە بۆیان دەبینە پێشەنگ.

پێویستە فێریان بکەین دوعا بۆ دایك و باوك بکەن لەژیاندابن یان مردبن، ڕازیبوونی خوای گەورە پەیوەستە بەڕازیبوونی ئەوانەوە، چاکەکردن لەگەڵیاندا پەیوەستە بەگوێڕایەڵیکردنی خوای گەورەوە وەك پەروەردگار دەفەرمووێت:﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا ﴾ النساء: ٣٦، واتا: بەس خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەکەن بەهاوبەشی هەروەها لەگەڵ دایك و باوکتاندا چاك بن.

لەڕێگەی چیرۆکی واقیعییەوە دەتوانین یارمەتییان بدەین، لەوانە چیرۆکی ئەو سێ کەسەی لەئەشکەوتەکەدا گیریانخواردبوو کە تاوێرێك کەوتبووە بەردەم ئەشکەوتەکەو ڕێگەی دەرچوونی لێگرتبوون، هەریەکەیان دوعای دەکرد تاوەکو خوای گەورە بەفەزڵی کارێکی باش کە ئەنجامیان داوە ڕزگاریان بکات، یەکەمینیان ئەوە بوو کە لەپێش ژن و

منداڵـەكانی نـان و ئـاوی بـەدایك و بـاوكی دەدا، كـە شـەو هـات و ڕۆیشـت خواردنیان پیٚ بدات، بینیی خەوتوون، حەزی نەكرد لەخەو هەڵیانبستێنیٚ و نەشیدەویست پێش ئەوان خواردن بـەژن و منداڵـەكانی بـدات، منداڵـەكانی لەبرساندا هاوارو قیژەیان دەكرد ئـەم لەپـەنای دایـك و باوكیـدا دانیشـتبوو شیرەكەی بەدەستەوە گرتبوو تـاوەكو لەخـەو هەڵسـان، شـیرەكەی پێـدان پاشان بەمنداڵەكانی دا، لەخوای گەورە پاڕایەوەو وتی:خوایـە گیـان ئەگـەر لەبەر ڕەزامەندیی تۆ ئەوەم كردووە، ئەوە لەم دۆخە ڕزگارمان بكە. بەهۆی ئەو كارەوە كەمێك تاوێرەكە ترازاو كەمێك لەڕێگەی دەرچوون كرایەوە.

یادی خوای گەورە

یادكردن لەم قۆناغەدا تەنیا بەزمان نییە، بەڵكو بەدڵیشە، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴾ البقرة: ١٥٢، واتا:یادم بكەن تـامنیش لەبیرتان نەكەم.

پیرۆزبیٚ ئەو خێرو بەرەكەت و سۆزەی بـۆ یادكـەرەوانی خـوای گـەورە دانراوە، هەركەسێك لەبیری بكات، ئەوە خەمبارو لەدەستچووە و لەزەوی و لای خوای گەورە یادی نییە.

دەكـریٚ بەمنداڵــەكانمان بڵێین:"خەیاڵبكــەرەوە ئەگــەر بەڕێوەبــەری خوێنــدنگا یــان یانــەی وەرزشــیی یــان پارێزگــاری ئــەو شــارەی تیایــدا نیشتەجێیت یان سەرۆك كۆمار بەچاكە باست بكـات، ئایـە چـی هەسـتێكت ئەبیٚ؟ئــەی ئەگــەر پــەروەردگاری پادشــای پادشــایان یــادت بكــات چــی هەستێكت دەبیٚ؟!!!

چاودێریی خوای گەورە لەنهێنی و ئاشكرادا

رەوشــتێکە منــداڵ لەڕێگــەی بەڕۆژووبوونــەوە فێــری دەبــێ، پاشــان لەڕێگەی هەندێ چیرۆکی واقیعییەوە کە بۆ ئێمە باسکراوەو رووی داوە ئەو هەستەیان لا بەهێز بکەین، نمونەی چیرۆکی ئەو ماستفرۆشـەی کـە دایکـی ویستی ئاوی تێ بکات و ساختەی بکات، کچە ماست فرۆشەکە ئـەو کـارەی رەتکــردەوە، دایکــی وتی:بۆچــی؟ خــۆ عومــەر نامانبینێ...کچــەکەی وتی:ئەگەر عومەر نەمانبینێ ئەوە خوای گەورە دەمانبینێ. عومەری کوڕی خەتاب بەو دەمەتەقێیەیان سەرسام بوو، سەرسام بوو بەهێزی ئیمانی ئـەو کچــە بۆیــە پێــداگربوو بــۆ کوڕەکــەی مــارەی بکــات، لەبەرهــەمی ئــەو هاوســەرگیرییە خەلیفــەی پێنجــەم هاتــە دونیــاوە کــە عومــەری کــوڕی عەبدولعەزیز بوو.

دڵسۆزیی بۆ خوای گەورە:

شتێکی بەسوودە منداڵ فێر بکرێـت گـەر لـە ئەنجامـدانی هـەر شـتێکدا نییەتی رازیکردنی خوای گەورەی هەبێ، ئەوە لەسـەر کاروبارەکـانی ژیـانی پاداشــتی گــەورە دەدرێتــەوە، بــەوە دەروونــی خــۆی رادەهــێنێ تــاوەکو بــەهێزبێ بــۆ گوێڕایــەڵیکردنی خــوای گــەورە، وەرزش دەکــات تــاوەکو موسڵمانێکی بەهێزی لێ دەربچێ، مامناوەند دەخوات تاوەکو موسڵمانێکی لەشساغ بێ لەڕووی دەروون و جەستەیەوە، دەچێتە بینینی دیمەنی بەهارو خۆشیی تاوەکو بیر لەمەخلوقەکانی خوای گەورە بکاتەوە، زانستی دونیایی و شەرعیی فێر دەبێ تاوەکو سوود بەموسـڵمانان و خـەڵکانی تـر بگەیـەنێ بەو زانستەی و بەنەزانیی خۆی زیان لەخۆی و کەسانی تـر نـەدات، چـونکە

فێربــوونی زانســت لەئیســلامدا فــەرزە بەســەر هــەموو نێــرو مێیــەکی موسڵمانەوە، زمانەکان فێر دەبێ تاوەکو لەفێڵی دوژمنانی پـارێزراو بێـت و بـەرگریی لەئایینەکـەی بکـات و بانگـەوازی بـۆ بکـات، گوێبیسـتی هەواڵـە ناوخۆیی و جیهانییەکان ئەبێت تاوەکو گرنگیی بەحاڵی موسڵمانان بـدات و هەولبدات یارمەتییان بدات گەر بەپارانەوەش بێ، نیازی هاوسەرگیریی هەیە تــاوەکو خێزانێکــی موســڵمان پێکبهــێنێ خــوا بپەرســتن و یــادی بکەنەوە.....تاوەکو ئەو شتانەی تر.

پشتبەستن بەخوای گەورە

پەیامبەر(ﷺ) سوور بوو لەسـەرئەوەی تـازە لاوێکـی هـاولان فێـر بکـات چۆن پشتبەسـتنێکی راسـتەقینە بـەخوای گـەورە فێرببێ،جارێکیـان ئـیبن عـەباس لەپشـتییەوە سـواری ئاژەڵێـك ببـوو پێیفەرموو:ئـەی لاو سـنووری خوای گەورە بپارێزە خوای گەورەش تۆ دەپارێزێ، سنووری خـوا بپـارێزە دەبینیــی بــەرەو رووت دێــت، بشــزانە گــەر ئوممــەتێك کۆببنــەوە تــاوەکو سوودێکت پێ بگەیەنن، سوودت پێ ناگەیەنن گەر خوای گەورە ئەو سوودو قازانجـەی بـۆت نەنووسـیبێ، گـەر کۆببنـەوە تـاوەکو زیانێکـت لـێ بـدەن، هەرگیز ناتوانن زیانت لێ بدەن گـەر خـوای گـەورە لەسـەرتی نەنووسـیبێ، پێنووسەکان هەڵگیراون و پەڕەکانیش وشکبوونەتەوە.

ئەم فەرموودەیە چەندە مەزنە، پێویستە لەچوارچێوە بنرێت و کەسانی خێزان ببینن و گیانی پشت بەستن بـەخوایان تیایـدا بلاوبکاتـەوە، گیـانی رازیبوون بەقەدەری خواو ئازایەتی و پێداهەڵگرتن و پشت بەستنی جوانیان بەخوا بۆ دروست بکـات، لەگـەڵ گرنگیـی شـیکردنەوەی ئـەوەی پێویسـتە

هۆكـار وەربگیردرێـت و بپارێینـەوە تـاوەكو ئـەو ئامانجـە دێتـەدی كـە دەمانەوێ، لەگەڵ متمانەبوون بەحیكمەتی خوا و ئەوەی هەرشـتێك بهـێنێ خێری تێدایە.

نمونەی چیرۆكی واقیعیی:

كاتێـك عـەمری كـوڕی عـاص فـەتحی میسـری كـرد، ڕێگریـی كـرد لـەو نەریتەی كە دەبوو ساڵانە كچێكی جـوان بـۆ نیـل بڕازێنرابایەتـەوە تـاوەكو ئاویان بۆ زۆر بكات، نیل بۆ سێ مانگ لەڕۆیشتن وەسـتا، عـەمریش نامـەی بۆ عومەر نـاردو راوێـژی پێكـرد لـەو بارەیـەوە، عومـەریش بـۆی نووسـی و وتی:ئەم نامەیەم بخەرە نێو نیلەوە، لەنامەكـەدا نووسـرابوو: (ئـەم نامەیـە لەعومەری كـوڕی خەتابەوەیـە بـۆ نیلـی میسـر، پاشـان:ئەگەر تـۆ لەلایـەن خـواوە بەڕێكـەوتووی، ئـەوە داوا لـەخوای گـەورە دەكـەین بەڕێتبخاتـەوە، ئەگەر لەلایەن خۆتیشەوە هەڵدەسووڕێی، ئـەوە پێویسـتمان پێـت نییـە)، بۆیە نیل بەڕێكەوتەوەو لافاوی دروست كردەوەو هەڵدەقوولا.

دكتـۆر عبداللـە ئـەلخاتر كـە بـۆ خوێنـدنی دكتـۆرا لەئینگلتـەرا بـوو ئەڵێ:"بەگـەنجێكی ئینگلیـز گەیشـتم لەباشـووری لەنـدەن دەژیـاو تـازە موسـڵمان ببـوو، دوای سـێ مـانگ لەموسـڵمانبوونی كـارێكی دۆزیبـووەوە، گەنجانێكی موسڵمان ورياييان پێدا لەچاوپێكەوتنی كـاردا نـەڵێ موسـڵمانم نـەوەك بیكەنـە بیانوویـەك و قبـوڵی نەكـەن و بـەو هۆیـەوە لەئیسـلام هەڵگەڕێتـەوە، بـەڵام ئـەم گەنجـە پشـتی بـەخوا بەسـت و لەهیچـی دیكـە نەترسـا، بـۆ خـاوەن كارەكـەی باسـكرد كـە موسـڵمان بـووە، پێشـتر

ناوی(رۆد)بووەو ناوی خۆی گۆڕیووە بۆ عومەر و بەشانازییەوە پێیانی وت:"ئایین و ناوم گۆڕیووەو ئەمەوێ کارێکم هەبێ کاتی نوێژم پێ بدات، ئەوانیش لەکارەکەدا قبوڵیان کرد، سەیر لەوەدا بوو پێیانووت:"بۆ ئەو کارە پیاوێکمان دەوێ ئەو بڕیارانەی تێدا هەبێ و تۆش لەوەدا توانایەکی گەورەت هەیە، ناو و ئایینی خۆتت گۆڕیووەو ئەوە دەسهاتێکی گەورەیە".

حاتەمی ئەصەم کە قوتابیی شەفیقی بەلخیی بوو، رۆژێك مامۆستاکەی لێی پرسی:چەنێکە لەگەڵ مندای؟ وتی:سی و سێ ساڵە.

وتی:چی شتێك لەمنەوە فێربووی؟

وتی:هەشت باس و بابەت.

شەفیق وتی:إنا لله وإنا إليه راجعون، تەمەنم لەگەڵ تۆدا تەواو کرد کەچی هەشت بابەت لەمن فێربووی؟

وتی:مامۆستا نامەوێ درۆت بۆ بکەم، من تەنیا ئەو هەشت شتە فێربووم.

وتی:باشە بۆم باس بکە.

حاتەم وتی: روانیمە مەخلوقات و بینیم هەموو کەسێ خۆشەویستێکی هەیە بۆ ناو گۆڕەکەی لەگەڵیدا دێت، من چاکەکارییەکانم بەخۆشەویست وەرگرت، گەر بڕۆمە گۆڕ لەگەڵمدا دەبن.

وتی:دەستخۆش حاتەم، ئەی دووەم چییە؟

حاتەم وتی:روانیمە فەرمایشتی خوای گەورە کە دەفەرمووێت:﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾

النازعات: ٤٠ – ٤١، واتا:ئەو کەسەی کە ترسابێ لە هەڵویستگەی بەردەم پەروەردگاری و بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لە ئارەزووی خراپە. ئەوە بێگومان بەهەشت جێگەیەتی.

ئەوکات زانیم ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە حەقە، بۆیە تێکۆشام لەدوورخستنەوەی هەواو ئارەزوو لەدەروونم تاوەکو دەروونم لەسەر گوێڕایەڵیکردنی خوای گەورە راهێنا.

سێیەم: تەماشای مەخلوقاتم کرد و بینیم هەریەکەو شتێکی بەهاداری هەیە پێیەوە پایەدارە، پاشان روانیمە فەرمایشتی خوای گەورە کە دەفەرموویت:﴿ مَا عِندَكُمۡ يَنفَدُ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ بَاقٖۗ ﴾ النحل: ٩٦، واتا: هەرچی لای ئێوەیە تەواو دەبێت و نامێنێ بەڵام ئەوەی لای خوایە هەر دەمێنێت.

بۆیە هەر شتێکی بەهادارم دەستکەوتبایە رووم دەکردە خوای گەورەو لەپێناویدا دەمبەخشی تاوەکو لای پارێزراو بێ.

چوارەم: روانیمە مەخلوقات و بینیم هەریەکەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ و گەورەیی و رەچەڵەك، تەماشام کرد ئەوانە هیچ شتێ نین، پاشان روانیمە فەرمایشتی خوای گەورە:﴿ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ ﴾ الحجرات: ١٣، واتا:بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا پارێزگارترینتانە.

ئەوکات کارم لەسەر لەخواترسان کرد تاوەکو لای خوای گەورە بەندەیەکی بەڕێز بم.

پێنجەم: روانیمە مەخلوقات و بینیم تانە لەیەکتر دەدەن و نەفرەتی یەکتر دەکەن، بنچینەی هەموو ئەوانەش حەسوودییە، پاشان روانیمە

فەرمایشتی خوای گەورە کـە دەفـەرموویّت: ﴿ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَوٰةِ الدُّنْيَا ﴾ الزخرف: ٣٢، واتا:ئێمە لەنێوانتانـدا دابـەشمان کـردووە هـۆی گوزەرانیان لەژیانی ئەم دونیایەدا.

بۆیە وازم لەحەسوودیی هێنا و لەوانـە دوورمگـرت و زانـیم رزق و رۆزیـی لای خوای گەورە دابەشکراوە بەسەر بەندەکانیدا و بەوهۆیەوە دوژمنایەتیی خەڵکم لەخۆم دوورخستەوە.

شەشەم:روانیمە مەخلوقات و بینیم ستەم لەیەکتر دەکەن، کە تەماشای ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەم کرد، بینیم دەفەرموویّت: ﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ﴾ فاطر: ٦، واتا:بەڕاستی شـەیتان دوژمنـی ئێوەیـە دەی کەواتە ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی وەربگرن.

بۆیە بەتەنیا کەوتمە دوژمنایەتیی شەیتان و وریایی خۆمم لیّ وەرگـرت، لەبەرئـەوەی خـوای گـەورە شـایەتیی داوە کـە دوژمنـی منە،بۆیـە وازم لەدوژمنایەتیی مەخلوقاتی تر داو سەرقاڵی دوژمنایەتیی ئەو بووم.

حەوتەم: روانیمە مەخلوقەکان و بینـیم بـۆ لەتـە نانێك خۆیـان سـەرکز دەکـەن و لـەڕێگای حەرامـەوە بەدوایـدا دەگـەڕێن، پاشـان تەماشـای ئـەم ئایەتـەم کـرد کـە دەفـەرموویّت: ﴿ ۞ وَمَا مِن دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا ﴾ هود: ٦، واتا: هیچ گیان لەبەرێك نی یـە لـەزەوی دا مەگـەر لەسـەر خوایە ڕزق و ڕۆزیەکەی.

بۆیــه کــه زانــیم هــهموو مــهخلوقێك رزق و رۆزیــی لهســهر خوایه،بــه فهرمانهکانی خوا بهسهرمهوه خۆمم سهرقاڵکردو وازم هێنا لهوهی رزقم لای خۆیهتی.

ههشتهم: روانیمه مهخلوقات و بینـیم پشـتیان بهیـهکتر بهسـتووه، ئـهم پشــتی بــهموڵکی بهســتووهو ئــهوی تــر بهبازرگانییهکــهی و یــهکێکی تــر بهپیشهسازییهکهی، ئـهوهی تـر بهتهندروسـتییهکهی، بۆیـه گهڕامـهوه لای فهرمایشتی خوای گهوره که فهرموویـهتی:﴿ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ﴾ الطلاق: ٣ ، واتا:ههرکهسێ پشت بهخوا ببهستێ ئهوه خوای بهسه.

ئێتر منیش تهنیا پشتم بهخوای گهوره بهست و ههر ئهویشم بهسه.

شهفیقی بهلخیی وتی:ئهی حاتـهم خـوای گـهوره سـهرکهوتووت بکـات، بهڕاستی من تهماشای زانستهکانی تـهورات و ئینجیـل و زهبـوور و قورئـانی مهزنم کردووه، بینیوومه ههموو جۆرهکـانی خێـرو ئاییـنداریی لـهو ههشـت شتهدایه، ههرکهسێ بهکاریانبهێنێ ئهوه ئهو چوار کتێبهی بهکارهێناوه".

## شەڕکردنی دەروون

شـەڕکردنی دەروون بـە بـەهێزترین و تونـدتر دادەنرێـت لەشـەڕکردنی دوژمن،یارمـەتیی مـرۆڤ دەدات ئامـانجی خـۆی دیـاریی بکـات، دونیـای هەڵوەریووی دەویَ کە لای خوای گەورە سـەنگی باڵـە مێشـوولەیەکی نییـە یان رازیبوونی خوای گەورە و بەهەشت؟ ئەگەر بەهەشتی بووێ دەبیَ بزانیَ کـالأی خـوای گـەورە نرخـی گرانـە، لەپێناویـدا دەبـیَ بـەنرخترین کـات و سەرمایەو تێکۆشان بدەی و دەستبەرداری هەواو ئارەزووەکـان بـی، پشـت بەخوا ببەستیَ لەدەروونی بـەتاوان فەرمانکـەر تـاوەکو بیکاتـە دەروونێکـی لۆمەکار، ئەوەش بەپەروەردەکردنی ویژدان و یارمەتیدانی لەسەر خۆڕاگرتن لەســەر حــەق و بەرزکردنــەوەی لەئاســتی دونیــادا لەســاتی منــداڵی و پێگەیشــتندا، هــەروەك پێویســتە کــارە جوانــەکانی لاشــیرین بکــریَ و قێزەونـەکانی لا ببوغزێنرێـت، گـەر ئامـانجی خـۆی زانیـی کـە بردنـەوەی رەزامەندیی خوای گەورەیە،ئەوە بەوەوە ئـەژیَ و دایـك و بـاوك و خێـزان و کۆمەڵگەکەشی پێی ئەحەسێنەوە.

## بەردەوامبوون لەداوای لێخۆشبوون

دەبێ فێری بکەین کە داوای لێخۆشبوون سود گەلێکی دیکەی هەیە جگە لەپەردەپۆشکردنی هەڵەو تاوانەکان و سڕینەوەیان، کە لەئایەتەکانی(١٠–١٢)سورەتی نوحدا هاتووە:﴿ فَقُلۡتُ ٱسۡتَغۡفِرُواْ رَبَّكُمۡ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارٗا ١٠ يُرۡسِلِ ٱلسَّمَآءَ عَلَيۡكُم مِّدۡرَارٗا ١١ وَيُمۡدِدۡكُم بِأَمۡوَٰلٖ وَبَنِينَ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ جَنَّٰتٖ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ أَنۡهَٰرٗا ١٢ ﴾ نوح: ١٠ – ١٢، واتا:ئەوسا پێم وتن:داوای لێ خۆش بوون بکەن لەپەروەردگارتان بەڕاستی پەروەردگارتان زۆر لێ خۆش بووە. ئینجا گەر وا بکەن بارانی خوڕەم و لێزمەتان بۆ دەبارێنێ. وە سامان و کوڕی زۆرتان پێ دەبەخشێ وە باخ و باخاتی زۆرتان پێ دەدات وە جۆگە ئاوی زۆرتان دەداتێ.

### نوێکردنەوەی تەوبە

پێویستە دایك و باوك هەمیشە بیری منداڵەکانیان بهێننەوە کە بێ ئومێد بوون لەسۆزو بەزەیی خوای گەورەو لێخۆشبوونی، تاوانە، چونکە ئەو بیرکردنەوەیە دژە بەناوەکانی خوای گەورە:(العفو، الغفور، الغفار، الغافر، التواب)، هەروەها بیریان بهێنرێتەوە کە بێ ئومێدیی دەروازەی شەیتانەو پێیەوە دەچێتە دڵی باوەڕدارەوە تاوەکو بیگەڕێنێتەوە سەر تاوان و بێباوەڕیی پەنا بەخوا، ئەوەش کەم کەم، دەبێ هەمیشە پێیان بڵێن:هەرگیز لەسۆزی خوای گەورە بێ ئومێد نەبن، خوای گەورە لەهەموو تاوانێك خۆشدەبێ، لێخۆشبووی میهرەبانە.

وریایی کردن لەتاوان واجیبە، بەلاّم گەر بەسەر مرۆڤدا زاڵبوو، پێویستە خێرا بکات بۆ تەوبە کردن و لەزۆریی تاوانەکانی بێ ئومێد نەبێ، تائەوەی مرۆڤ نەگاتە سەرەمەرگ دەرگای تەوبەی بەڕوودا کراوەیە، دەبێ منداڵەکان لەدایك و باوکەوە کزۆڵیی بەرانبەر بەخوای گەورە ببینن و دەرگای بەرنەدەن، ئەم پاڕانەوانەی لێ ببیستنەوە:" اَللّـهُمَّ انْ عَظُمَتْ ذُنُـوبي فَأَنْـتَ اَعْظَـمُ وَاِنْ كَبُـرَ تَفْريطـي فأَنْـتَ اَكْبَـرُ وَاِنْ دامَ بُخْلـي فَأَنْـتَ أَجْـوَدُ " " اللَّهـمَّ مغفرتُك أوسعُ من ذنوبي ورحمتُك أرجَى عندي من عملي".

هیچ کەسێ بەبێ بەزەیی خوای گەورە ناچێتە بەهەشتەوە، تەنانەت پەیامبەریش(ﷺ)، کەوابوو مرۆڤ بێ پەروەردگاری هیچی پێ دەکرێت؟!!!

ئایە هیچ شتێکی تر هەیە لەوە سەربەرزیی تر بێ کاتێك کزۆڵانە لەبەردەستی دەبی تاوەکو لێت رازیی دەبێ؟ ئایە لەوەش سەرکزتر هەیە کە هەوڵێ رازییکردنی مرۆڤەکانی تر دەدەن، ئەوانیش بیانەوێ پێیان دەبەخشن و بیانەوێ پێیان نادەن؟گەر پێیان ببەخشن منەتیان دەخەنەسەر، جارێك یان دووجار پێیان ببەخشن لەسێیەم جاردا لێیانی دەگرنەوە؟

ئایە کەسێکی خنکاو خۆی بەخنکاوێکی تردا هەڵدەواسێ؟هەژارێك ئومێدی بەهەژارێکی دیکەی هاوشێوەی خۆی هەیە؟لاوازێك پەنا بۆ لاوازێکی تر دەبات؟

دەبێ ئەو فەرموودەیەی پەیامبەری خوا(ﷺ)یان فێر بکەین کە دەفەرمووێت:"مَنْ لَمْ يَسْأَلْ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ "،واتا:هەرکەسێك لەخوا داوا نەکات و نەپاڕێتەوە، ئەوە خوای گەورە لێی تووڕە دەبێ.

شاعیرێکی داناش ئەڵێ: لا تسألنَّ بُنيَّ آدم حاجة    وسَل الذي أبوابه لا تُحجب

واتا:لەهیچ مرۆڤێك داوای پێویستیی مەکە، لەو خوایە داوا بکە کە دەرگای بەڕووتدا داناخرێت.

دەبێ فێری رەوشتی پاڕانەوەیان بکەین و دڵنیابوون لەبەدەمەوەچوونی پاڕانەوەکەو پەلە نەکەن لەهاتنەدییدا، فێربکرێن هەندێکی بەدیدێت و هەندێکی تریش بەلاو موسیبەت لادەبات، پاداشتی هەندێکی تریشی دەچێتەسەر تەرازووی چاکەکان لەڕۆژی قیامەتدا...کەسی باوەڕدار کە پاڕانەوەکەی لەسەر تەرازووی چاکەکارییەکان دەبینێ، خۆزگە دەخوازێ هیچ پاڕانەوەیەکی لەدونیادا بەدینەهاتبایە!!!

دەبێ فێربکرێن پاڕانەوە هەمووی خێرو چاکەیە، هەروەك لەفەرموودەدا هاتووە:"إنَّ الله تعالى حييٌ كريم، يستحيي من عبده إذا بسطَ إليه يديه أن يردهُما صُفراً خائبتين"،واتا:خوای گەورە هەمیشە زیندووی بەڕێزە، شەرم دەکات بەندەکەی دەستی بەرزکردبێتەوەو لێی بپاڕێتەوە، بێ ئومێدانە دەستەکانی بگێڕێتەوە.

دەبێ فێریان بکەین خوای گەورە بەخشندەو وەڵامدەرەوەو بەبەزەییە، با دڵسۆزانە و دڵنیابوون بەوەڵامدانەوە بپاڕێنەوە لەخوای گەورە،

بێگومان هەرکەسێ داوای لێبکات پێی دەبەخشێ، هەرکەسێ پشتی پێ ببەستێ پشتی تێناکات، هەرکەسێ پەنای بۆ ببات رێگەی راستی پیشان دەدات، گەنجینەی ئەو تەواو نابێ و سۆزو بەزەیی بەرانبەر جیهانیان کۆتایی نایەت.

ئەم پاڕانەوەیەی پەیامبەری ئازیز(ﷺ) چەندە شیرین بووە: "اللّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعفافَ والْغِنَى".

# منداڵێتیی کەسانی مەزن

دایکێ بینیی منداڵەکانی سەرسام بوونە بەکەسایەتییەکانی نێو ئەفلام کارتۆن و گۆڤار و پاڵەوانانی نێو فیلمە بیانییەکان، بۆیە پێیانی وت:ئەوانە پاڵەوان گەلێکی ناڕاستەقینەن، ئایە لەبارەی پاڵەوان گەلێکی راستەقینەوە قسەتان بۆ بکەم؟ وەلامی ئەوانیش بەڵێ بوو، بۆیە دایکەکە هەموو شەوێك لەپێش خەوتن چیرۆکی یەکێك لەپاڵەوانانی ئیسلامی بۆ دەخوێندنەوە: چیرۆکی عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە یانزە ساڵان بوو لەشەوی کۆچدا لەجێگەکەی پەیامبەر(ﷺ) خەوت، حەسەن و حوسێنیش کە پیاوێکی بەتەمەنیان بینی دەستنوێژی دەشۆردو هێشتا منداڵ بوون، نەیانویست بریندای بکەن و بڵێن ئەمە دەستنوێژێکی ناڕێکە، بەڵکو پێیان وت: مامە گیان تەماشایەکی دەستنوێژەکەمان بکە بزانە هی کامەمان تەواوەو تۆ بڕیارمان لەسەر بدە...لەبەردەم کابردا دەستنوێژێکی جوانیان شۆردو لەو رێگەیەوە کابرایان فێری دەستنوێژ شۆردنی جوان کرد.

عبداللەی کوڕی زوبەیریش کە هەر لەمنداڵییەوە بە بەهێز لەسەر حەق و راشکاوییدا ناسرابوو، هەڵەی بکردبایە دانیپێدا دەناو سزاکەشی قبوڵ دەکرد، جارێك کە منداڵ بوو لەگەڵ منداڵەکاندا یاریی دەکرد، ئەمیری ئیمانداران عومەری کوڕی خەتاب بەلایاندا تێپەڕبوو، هەموویان رایانکرد، چونکە لەبارەی نوێژەکانیانەوە پرسیاری لێیان دەکرد،گەر ئەنجامیان بدابایە وازی لێدەهێنان، گەر نەشیان کردبایە فەرمانی پێیان دەکرد ئەنجامی بدەن، عبدالله لەشوێن خۆیدا وەستا، عومەر لێی پرسی:بۆ رات

نـەکرد؟ ئـەویش وتی:"هەڵەیـەکم نـەکردووە تـاوەکو لێـت بترسـێم و رێـی ڕۆیشتنیشـم لێـت نـەگرتووە"، لێـی پرسـی:نوێژەکەت ئـەنجام داوە؟ وتی:"بەڵێ ئەی ئـەمیری ئیمانـداران و بـەوەی لەتوانامـدا بـووبێ قورئـان و فەرموودەم وەرگرتووە، ئێستا بەوەوە سەرقاڵم"عومەریش پێیوت:"خـوای گەورە باشترین پاداشتت بداتەوە کوڕەکەم".

ئوسامەی کوڕی زەید دە ساڵیی تەواو نـەکردبوو داوای لەپەیامبـەر(ﷺ) دەکـرد لەغـەزادا دەربچـێ و ڕۆڵێکـی هەبێ،بـەلاَم پەیامبـەر(ﷺ) وەلاَمـی دەدایەوە کە جارێك منداڵەو جیهادی لەسەر فەرز نییە، ئەویش بەگریانـەوە گەڕایەوە، جاری دووەم و سێیەمیش هاتەوە، لەجاری سـێیەمدا داوای کـرد برینی بریندارەکان تیمار بکات و بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو، کـە گـەورە بـوو، پەیامبەر(ﷺ) فەرمانی کرد ئوسامە سەرکردایەتیی سـوپایەکی موسـڵمانان بکـات، لەسـەردەمی ئـەبو بـەکردا(خوای لـێ ڕازیـی بێ)ئـەو فـەرمان و ئامۆژگارییە هاتەدی.

هەروەها موعازو معویز کە منداڵ بوون و شەرەفی کوشتنی ئەبو جـەهلی سەری کوفریـان پـێ بـڕا، هـەروەها ئـەسمائی کچـی ئـەبو بـەکر خـواردن و خواردنەوەی بۆ شوێنی حەشـارگەی ئـەبو بـەکری بـاوکی و پەیامبـەر(ﷺ) دەبرد.

هەروەها ئەروای کچی حاریس کە سەرکردایەتیی کەتیبەیەکی ئافرەتانی کردو بەسەرپۆشەکانیان ئالاَیان بەرزکردەوە وەك فێڵێکی جەنگ، ئەوکاتەی موسـڵمانەکان لەمیسـان ڕووبـەڕووی دوژمـن وەسـتابوون، بـەو ئـالاَ

هەڵکراوانـەوە چـوونە پێشـەوەو دوژمـن وەهـای زانـی هێـزی هاوکـاریی بـۆ موسڵمانان هاتووە، بۆیە هەڵهاتن و موسڵمانەکان دوایانکـەوتن و زۆرێکیـان لێیان کوشت.

ئـــەتوانی کۆمـــەڵێ کتـــێبی بـــەهادار لـــەژوورەکانیان دابنێـــی تـــاوەکو بیخوێننەوەو سوودی لێ ببینن.

# کۆتایی

باسکردن لەبارەی ئەم بابەتەوە کۆتـایی نایـەت، تـەنیا بـەو وتوویـژەی پەیامبـەری خـوا(ﷺ) نـەبێ کـە لەگـەڵ حاریسـەدا(خوای لـێ رازیـی بـێ) ئـەنجامی داوە،حاریسـە تەمـەنی شـانزە سـاڵێی تێنەپەڕانـدبوو، رۆژێکیـان پەیامبـەر(ﷺ) پێـی فەرموو:"ئـەی حاریسـە چـۆن بـەیانییت کـردەوە؟ وتی:بـەباوەڕدارێکی راسـتەقینە. ئـازیز پێـی فەرموو:حەقیقـەتی ئیمانـت چۆنە؟ وتی:بەیانییم کردەوە عەرشی پەروەردگارم بەبەرزیی بینـی، ئـەهلی بەهەشتم بینی سەردانی یەکتریان دەکردو دۆزەخییەکانیش هاوارو گریانیان بوو..پەیامبەر(ﷺ) فەرمووی:باشت زانی و پابەند بە".

" سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ، وَآخِـرُ دَعْوَانـا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ"

## سەرچاوەکان

١ – فضيلة الشخ محمد متولي الشعراوي رحمه الله في تفسيره للقرآن.
٢– اليسر ورفع الحرج .مقالة منشورة على موقع:
www.albayan.com.ae/albayan/٢٠٠١/١٢٦/mnw/٨.htm
٣– من كنوز الإسلام : الإسلام دين السماحة مع أهل الأديان الأخرى مقال على موقع: www.gn٤me.com/fatawa

٤– من كنوز الإسلام: الإسلام دين يسوي في الحقوق بين المسلمين وغير المسلمين،مقال على الموقع: www.gn٤me.com/fatawa
٥– محمد بن سعيد المسقري.تنمية الثقافة الدينية للطفل:مقالة منشورة على موقع:
www.islamway.com/bindex/section=articles@artic_id=١٧٥
٦– محمد سعيد مرسي. فن تربية الأطفال في الإسلام: الجزء الثاني .القهرة:ار التوزيع والنشر الإسلامي،٢٠٠١.
٧– أغنية أركان الإسلام ،وهي منشورة على موقع
www.islamweb.net/family/sons/sons١٥.ht m
٨– حسن سعودي. ربي ، القاهرة،أطفالنا،١٩٩٩.
٩– فضيلة الشيخ محمد راتب النابلسي .جعفر بن أبي طالب :الدرس رقم ٥٠/١٦ من دروس السيرة على موقعه
www.nabulsi.com/download/sirah/sahabi/sahabi١٦.doc
١٠– فيصل بن على البعداني. سنابل الخير: مقالة من جزئين منشورة على الموقع:( http://www.saaid.net/Minute/mm٣٠.htm )

١١- فضـيلة الشـيخ محمـد عبـد الله الخطيـب- الحـج معسـكر ربـاني- القاهرة-دار المنار،١٩٩٣ .

١٢- فضيلة الشـيخ محمـد بكـر إسماعيـل. أسمـاء الله الحسـنى :آثارهـا وأسرارها.- القاهرة: دار المنار،٢٠٠٠م .

١٣- فضيلة الشيخ راتب النابلسي.درس التربية الإسلامية: شـرح الحكـم العطائية: الجزء الأول" مقالة متاحة على موقعه(www.nabulsi .com)

١٤- فضيلة الشيخ "صفوت حجازي" في محاضرة له عن حب الله .

١٥- الـدكتور عبـد الله الخاطر.الهزيمـة النفسـية عنـد المسـلمين،تأليفه ومراجعة وتقديم د.عبد الرازق محمود ياسين الحمد-استشاري الطب النفسي بكلية الطب-جامعة الملك سعود بالرياض ص ٢٠-٢١،صدر عن المنتدى الإسلامي

١٦- كفاية الأتقياء ومنهاج الأصفياء شـرح السـيد بكـري المسـكي ابـن السيد محمد شطا الدمياطي على منظومة هداية الأذكيـاء إلى طريـق الأوليـاء للشيخ زين الدين بن علي المعبري.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | پێشەکی وەرگێڕ |
| ٧ | پێشەکی نووسەر |
| ١٠ | ١- ئیسلام چییە؟ |
| ١٠ | ٢- خۆشویستنی ئیسلام چۆنە؟ |
| ١٠ | ٣- بۆ ئیسلاممان خۆشبووێ و ببینە موسڵمان؟ |
| ٢٨ | ٤- بۆچی ئیسلام لای منداڵەکانمان خۆشەویست بکەین؟ |
| ٣٠ | ئەمەی خوارەوە قۆناغەکانی خۆشەویستکردنی ئیسلامە بۆ منداڵ: |
| ٣٠ | قۆناغی پێش هاوسەرگیریی: |
| ٣٠ | قۆناغی کۆرپەیی |
| ٣١ | قۆناغی دوای لەدایکبوون تاوەکو دوو ساڵیی |
| ٣٢ | قۆناغی(٣-٦ )ساڵیی |
| ٣٩ | قۆناغی حەوت ساڵیی بۆ دە ساڵیی |
| ٥١ | قۆناغی یانزە بۆ چواردە ساڵیی |
| ٥٨ | قۆناغی پانزە تاوەکو هەژدە ساڵیی |
| ٦٤ | چاکەکاری لەگەڵ دایک و باوک |
| ٨١ | کۆتایی |
| ٨٢ | سەرچاوەکان |
| ٨٤ | پێڕست |